# مێژووی فیدراڵیزمی دەوڵەتی فرەنەتەوە
# شکست و سەرکەوتنە

## فاکتەرەکانی سەرکەوتنی فیدراڵیزم لە عێراقدا جێگەی ئومێد نین





یەکێتی سۆڤێتی پێشوو

-١-

ئەگەر بۆ شرۆڤەکردنی ئایندەی عێراق، گریمانەکانمان لەسەر ئەو چەمکە گەڵاڵە بکەین، هەوڵەکانمان بۆ بونیادی عێراقێکی فیدراڵی و فرەیی و دیموکراسی و پەرلەمانییە، ئەوا هەر لە دەسپێکەوە رووبەڕووی هەندێك فاکتەردەبینەوە کە ئاستەنگی گەورە لەبەردەم بونیادی ئەو ئایندەیە دروست دەکەن و هەست دەکەین گەلانی عێراق هێشتا ئەهلییەتی بونیادی ئەم سیستەمەیان تێدانییە، ئەوجا بێجگە لە فشاری ئەمەریکا بەتایبەتی و نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی کە هەر لەرێوە مانا گەوهەرییەکەی فیدراڵیزم لە (یەکێتێکی ئارەزوومەندانەوە دەگۆڕن بۆ پێکەوە گرێدانەوەیەکی سەپێنراو) لە چوارچێوەی عێراقدا، ئەم مەرجە سەپێنراوە پێمان خۆش بێت یان نە، هەر لەسەرەتاوە میکانیزمی پرۆسەکە بە ناتەواوی دەخاتە واری جێبەجیکردنەوە.

●●●

**دەبێت پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق خۆیان بڕیار لەسەرئایندەی عێراق بدەن**

●●●

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر بچینە سەر تاوتوێکردنی چەمکی فیدراڵیزم دەبینین رایەڵەکانی پێکەوە گرێدانەوەی پێکهاتە جیاوازەکان ناگەنەوە یەکترو جومگە بەندی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق، نابێتە هۆکاری دروستبوونی ناسنامەیەکی نیشتمانی و ئەو دامەزراوانەش بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسە ناتەواوە دادەمەزرێن، زیاتر بەرەو ئاراستەی ئەزموونە فاشیلەکانمان راپێچ دەکەن، نەك هەنگاو بەهەنگاو مێژووی رۆژە رەشەکانی عێراق بسرێتەوەو مێژوویەکی نوێ پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە بونیاد بنێت.

-٢-

ئەگەر ئایندەی عێراق بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بێت و بۆ ئەوە بێت عێراقی ئایندە رەشماڵی خۆشگوزەرانی هەموو پێکهاتە جیاوازەکان بێت و عێراق وەك دەوڵەت فاکتەری ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی و نێودەوڵەتیش بێت، ئەوا دەبێت پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق خۆیان بڕیار لەسەر ئەم ئایندەیە بدەن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە پرۆسەی دروستکردنی ئەم بڕیارە چۆن زەمینەسازی بۆ دەکریت؟ بێگومان دەبێت عێراقییەکان لەسەر بڕگەکانی ئەو دەستوورە، ئەو بڕیارە دروست بکەن کە لەلایەن خودی عێراقییەکانەوە پەسەند کراوە و دەنگی بۆ دراوە. لەم حاڵەتە کاریگەری و فشاری دەرەکی ئەوجا فشاری ئەمەریکا بێت یان هی UNئەوا لەخانەی پێشنیار نابێت تێپەر بکات و نابێت کاریگەری لەسەر ئەو بڕیارە هەبێت کە عێراقییەکان بەتایبەتی کورد و عەرەب لەسەری رێکدەکەون (ئەوجا عەرەب دابەش دەبێت بۆ سوننە و شیعە، ئەوە مەسەلەیەکی ناوخۆیی دوو تائیفەی یەك نەتەوەیە لەوانەیە میکانیزمی بڕیاردانیان تارادەیەك لە میکانیزمی رێکخستنی پەیوەندنی نێوان دوو نەتەوەی کوردو عەرەب جیاواز بێت) هەر دەبێت ئەم رێککەوتنە رێککەوتنێکی ئارەزوومەندانە بێت و کورد وەك نەتەوەیەکی جیاواز ئەو مافەی بۆ دەستەبەر بکرێت، بەوەی کاتێك ئەو رێککەوتنە کاری پێدەکرێت کە گەلی کوردستان لە میانەی راپرسییەکدا پەسەندی بکات و شەرعییەتی بداتێ.

-٣-

پێکەوە ژیانی گەل و نەتەوە جیاوازەکان لە ناو کیانێکی سیاسی هاوبەشدا، دەبێت رەنگدانەوەی ئەو چەمکە بێت کە فیدراڵیزم وەك فەلسەفەیەکی سیاسی پێناسەدەکات تیایدا دوو جۆر حکومەت (حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان) بەرجەستە دەبێت و سیستەمی سیاسیی فیدراڵیزمیش کۆمەڵێك دامەزراوەیی سیاسیی بەرهەم دەهێنێت و دڵنیایی بەو یەکێتی و یەکگرتنە دەبەخشێت کە بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە لەسەر کۆمەڵێك پرانسیپی هاوبەش دێتە ئاراوە.

●●●

**پێکەوە ژیانی گەل و نەتەوە جیاوازەکان لە ناو کیانێکی سیاسی هاوبەشدا، دەبێت رەنگدانەوەی ئەو چەمکە بێت کە فیدراڵیزم وەک فەلسەفەیەکی سیاسی پێناسەدەکات**

●●●

-٤-

گەوهەری فیدراڵیزم ئەوەیە کە دووجۆر حکومەت هەبێ، واتە حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم یان حکومەتی هەرێمەکان، ئەم دوو جۆر حکومەتە بەپێی ئەو دەستوورەی بۆ وڵات دارێژراوە پێکەوە کاردەکەن و هەماهەنگی یەکتری دەکەن، بەڵام هەریەك لەم دووجۆرە حکومەتە لەرووی کارکردن و چۆنیەتی بەڕێوەبردنەوە لێکجیاوازن، جیاوازیش بەو مانایەی ئەو کارانەی حکومەتی فیدراڵی بەڕێوەی دەبات، لەو کارانە جیاوازە کە حکومەتە هەرێمییەکان بەڕێوەی دەبەن، ئەم جیاوازییەش رەنگدانەوەی ئەو شێوازەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکاندا، کە سەرەنجام دەبێتە هۆکاری ئەوەی هەردوولا ببنە تەواوکەر بۆ ئەوی تر.

کەواتە ئەم میکانیزمە پێمان دەڵێت، فیدراڵیزم بەخششێك نییە حکومەتی ناوەند بیدات بە هەرێمەکان، بەڵکو فیدراڵیزم پەیمانێکە کە ئەندامانی بەو پەیمانەوە پاپەند دەکات، هەروەك هاوپەیمانی نێوان دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا، هەربۆیە بۆ پاراستنی ئەم هاوپەیمانییە و درێژەپێدانی، ئەوا ئۆتۆماتیکی پێویستی بە دەستوورێك دەبێت کە جێگەی متمانەی هەموو




١- ئەرمینیا
٢-ئازەربایجان
٣- بلوروسیا
٤-ئیستۆنیا
٥- جۆرجیا
٦-کازاخستان
٧-قیرقزستان
٨-لاتیڤیا
٩- لیتوانیا
١٠-ملدۆڤ
١١- روسیا
١٢- تاجیکستان
١٣- تورکمانستان
١٤-ئۆکرانیا
١٥- ئۆزباکستان

هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت بۆ ١٥ دەوڵەت

پێکهاتەکان بێت و نابێت ئەو دەستووره لەلایەن پێکهاتە جیاوازەکانی نێو ئەو هاوپەیمانییە تەفسیری جیاوازی بۆ بکرێت.

هەروەها فیدراڵیزم پێویستی بە دادگایەکی باڵای فیدراڵی هەیە، پێویستی ئەم دادگایە بۆ دوو حاڵەت، زامنی پاراستنی پرۆسە فیدراڵییەکەیە کە بریتین لە :

١- بۆ ئەوەی دادوەر ( حەکەم ) بێت لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان، لەکاتێکدا لەنێوان تەفسیرکردن بۆ یەکێك لە دەسەڵاتەکانی حکومەت هەرێمەکان و دەسەڵاتی حکومەتە هەرێمییەکان جیاوازی هەبێت ئەم دادگایە ئەو جیاوازییە یەکلایی دەکاتەوە، هەروەك چۆن ئێستا لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی بەغدا جیاوازییەك لەسەر دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر گرێبەستە نەوتییەکانی کوردستان هەیە و حکومەتی کوردستان داوای کردووە کە دادگای باڵا ئەم مەسەلەیە یەکلایی بکاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دادگای باڵای فیدراڵی دادگایەکی کارا نییە ئەم جیاوازییەی تا ئێستا یەکلایی نەکردۆتەوە، هەربۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ناچاری تەفسیری ئەم مەسەلەیەی رووبەڕووی ئەکادیمیایەکی یاسایی کردووە بۆ ئەوەی لەڕووی یاساییەوە و بە بەراوردکردنی لەگەڵ دەستووری عێراق ئەم مەسەلەیە یەکلایی بکاتەوە، وێڕای بوونی ئەم بەڵگە گرنگەش بەڵام هێشتا حکومەتی فیدراڵی عێراق بەتەواوی ئامادەباشی دەرنەبڕیوە بۆ ئەوەی یەکلایی بکرێتەوە.

٢- ئەم دادگای باڵایە پێویستە بۆ چاودێری کردنی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی کە ئەنجوومەنی نوێنەران دەریدەکات، هەروەها بۆ پاراستنی دەستوور و جێبەجێکردنی برگەکانی دەستووره، لەبەر ئەوەی ئەم دادگایە دەستڕۆیشتوو نییە دەبینین مادەیەکی دەستووری وەك مادەی ١٤٠ی تایبەت بەکێشەی ئەو ناوچانەی کە کێشەیان لەسەرە، وەك تەواوی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان، دەبینین دەستی دەرەکی هاتۆتە ناو ئەم دادگایەش هیچ رۆڵێك نابینێت.

دەبێت لە کۆماری عێراقی فیدراڵیدا دوو ئەنجوومەن هەبێت، یەکێکیان ئەنجوومەنی نوێنەرانی سەرجەم هاووڵاتییانی عێراق بێت کە تیایدا بڕیارەکان بە دەنگدان و زۆرینە دەدرێت، هەروەها دەبێت ئەنجوومەنێکی هەرێمەکانیش هەبێت کە نوێنەری هەرێمەکان بە یەکسانی تیایدا بەشداردەبن ئەمەش بۆ رەواندنەوەی مەترسی زۆرینەو سەپاندنی مەرجی زۆرینەیە، بەداخەوە لە عێراقدا نەك هەر ئەنجوومەنی هەرێمەکان بوونی نییە، بەڵکو مەسەلەی رێکخستنی هەرێمەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق خەریکە دەبێتە بەشێك لە هیواکانی رابردوو و لە ناو ئەنجوومەنی نوێنەرانیشدا کە مەسەلەکان دێتە سەر پرسە چارەنووسسازەکانی هەرێمی کوردستان ئەوا جیاوازییە مەزهەبیەکانی نێوان شیعەو سوننە و جیاوازییەکانی نێوخۆی عەرەبی سوننە و شیعە کاڵدەبنەوە و هەوڵدەدەت بە رێگەی زۆرینە مافە رەواکانی گەلی کوردستان پێشێل بکەن.

**گەوهەری فیدراڵیزم ئەوەیە کە دووجۆر حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم هەبێت**

## سووربوونی ئەمەریکا لەسەر یەکپارچەیی وڵاتانی پۆست کۆلۆنیاڵیزم سیمای شکستی سیاسەتی ئەمەریکایە لە جیهاندا

عێراق یەکەم وڵات نییە کە ئەمەریکا سورە لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی خاکەکەی، هەر لەم پێناوەشدا چەند کارەساتی گەورەو شەری ناوخۆ لەو وڵاتانە روویداوە، ئەمەریکا بە هەموو جیهان رادەگەیەنێت کە دەستبەرداری سەرکەوتن نابێت، هەموو ماناکانی سەرکەوتنیش لە فەرهەنگی سیاسیی ئەمەریکادا پاراستنی بەزۆری ئەو هەیکەلە سیاسییەی دەوڵەتانە کە لەسەر مێژوویەکی خوێناوی پێکهاتەکانی دروست بووە.. ئەگەر بەپشتبەستن بە میدیاکانی ئەمەریکا و راپۆرتی بەرپرسانی ئەمەریکا لە عێراقدا بە ژمارە ئاماژە بە هەندیك ئامار بکەین لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا ئەم ژمارانە دەبینیین:

١- هەتا ئێستا زیاتر لە ٤٠٠٠ هەزار سەربازی ئەمەریکی تەرمەکانیان گەیشتۆتەوە ئەمەریکا و بەدەیان هەزاران برینداریش هەیە.

٢- بە پێی راپۆرتی پزیشکی دادوەری لە بەغدا و راپۆرتی خاچی سوری نێو دەوڵەتی لە ساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ رۆژانە سەد تەرم گەیشتۆتە پزیشکی دادوەری، ئەمە بێجگە لەشارەکانی دیکەی باشوور و ناوەراستی عێراق و ئەوانەشی لە شەری عێراقدا کوژراون، کە مەزندە دەکرێت نزیکەی ١ ملیۆن هاووڵاتی عێراق کوژراون لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا.

٣- بەپێی راپۆرتەکانی UN ٢-٤ ملیۆن هاووڵاتی عێراق دەربەدەر بوون و لە دەرەوەی عێراق ژیان بەسەر دەبەن و هەمووشیان لەترسی توندوتیژی مەزهەبی هەڵاتوون، ئەمە بێجگە لە دەیان هەزاری دیکە کە هاتوونە

**ئێستا لە عێراقیشدا ئەمەریکا هاریکار نییە بۆ بونیادی فیدراڵییەتێکی فرە نەتەوەیی**

هەرێمی کوردستان.
٤- ماوەی ٥ ساڵە پرۆسەی پەروەردەو خوێندن لەو ناوچانەی کە توندوتیژی مەزهەبی لێیە بەگشتی و لە بەغدای پایتەخت بەتایبەتی ئیفلیج بووە و بە سەدان مامۆستای زانکۆ تیرۆر کراون و بە هەزارانیش زانکۆکانیان بە جێهێشتووە.
٥- ئەو حکومەتەی بۆ عێراق دامەزراوە هیچ توانایەکی نییە تەنانەت ناتوانێت ئاوی خواردنەوەو کارەبا بۆ عێراق دابین بکات.
٦- ماوەی پێنج ساڵە رژێمی دیکتاتۆری لە عێراقدا رووخاوە و ئەمەریکا مژدە بە جیهان دەدات کە عێراق بەرەو دیموکراسی و فیدراڵی هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵام راپۆرتی رێکخراوە جیهانییەکان، عێراق لە رێزبەندی سەرەوەی دەوڵەتە فاشیل و گەندەڵەکان پۆلێن دەکات.

ئەم ئامارو ژمارانە پێمان دەڵێن ئەگەر ئەمەریکا ئەو قوربانییە زۆرەی لە پێناوی پاراستنی یەکپارچەیی ئەو وڵاتانە داویەتی، نیو هێندە قوربانی لە پێناوی بونیادی دیموکراسی و رێزگرتنی ئیرادەی گەلاندا بدایە و هاوکاریی بکردنایە بۆ ئەوەی گەلان خۆیان بریار لەسەر ئایندەی خۆیان بدەن ئەوا هەرگیز ئەو کارەساتانە روونەدەدا، کە لە پێناوی بەزۆر هێشتنەوەی دەوڵەتە بەزۆر دروستکراوەکان دراو پاشانیش ئەو دەوڵەتانە لەبەریەك هەڵوەشان.

پشتگیری ئەمەریکا بۆ جیابوونەوەی کرواتیا و سلۆڤینیا و بۆسنیا و بەم دوایەش بۆ کۆسۆڤۆ، پشتگیرییەکی ناچاری بوو، دوای سەدان هەزار قوربانی و دۆزینەوەی سەدان گۆری بەکۆمەڵ و دوای ئەوەی بە ملیۆنەها خەڵك ئاوارە بوون و بەهەزاران ئافرەتانی ئەو وڵاتانە بەدەستی سەربازە سرب نەژادەکان هەتککران، ئەوجا ئەمەریکا دیدی خۆی بۆ وڵاتانی پۆست کۆمونیست گۆڕی، بەڵام هێشتاش بە تەواوی دیدو تێڕوانین و سیاسەتی خۆی بەرامبەر وڵاتانی پۆست کۆڵونیالی نەگۆڕیوە و هێشتا کورد و ئەمازیغی و ئەرمەن لەو وڵاتانە وەك هاوڵاتی پلە دوو سەیر دەکرێن و ئەمریکا لە پێناوی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئەو وڵاتانە داوا لە نەتەوە بندەستەکان دەکات شێواز و رەوتی خەباتیان بگۆڕن بۆ شێوازی سەردەمانە کە لە بنەڕەتدا خودی ئەو دەوڵەتانە دەوڵەتی هاوچەرخ و سەردەمیی نین.

## بۆ بونیادی فیدراڵیزم لە عێراقدا ئەمەریکا ئاستەنگە و هاریکار نییە

ئێستا لە عێراقیشدا ئەمەریکا هاریکار نییە بۆ بونیادی فیدراڵییەتێکی فرە نەتەوەیی (Multi-national Federalism)

هەتا ئێستاش لە ناو هۆڵی وینیستۆن چەرچل لە کۆشکی سپی بیرۆکەی حکومەتی سەنترالی بەهێز، نەخشەی رێگەی دووبارە کۆپیکردنەوەی عێراقەکەی چەرچڵە، ئەوە لە خۆوە نەهاتووە کە راپۆرتی دیراسەتی باردۆخی عێراق (Iraq study Group) پێشنیاری حکومەتی سەنترالی بەهێز و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حکومەتە هەرێمییەکان دەکات، بێگومان لە عێراقدا هەتا ئێستاش یەك حکومەتی هەرێم هەیە، ئەویش حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کەواتە راپۆرتەکەی گروپی دیراسەتی عێراق ناراستەوخۆ داوای کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەکرد، هەروەها داوای دواخستنی ریفراندۆم و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقی دەکرد، ئەمەش واتە ئەو دەستوورە جێبەجێنەکرێت کە بۆ بونیادناوەی فیدراڵییەتی فرەنەتەوەیی لە عێراقدا لەلایەن خودی پەسەندکراوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی ئەم راپۆرتە داوای جێبەجێنەکردنی دەستووری عێراق دەکات؟ بێگومان زۆربەی پسپۆڕانی یاسای دەستووری و فیدراڵیزم لەوەڵامی ئەم پرسیارە ئەو راستییە ناشارنەوە کە ئەمەریکا دەیەوێت مۆدیلی فیدراڵیزمی یەك نەتەوەیی (National – Federalism) کۆپی بکاتەوە، هەروەك چۆن لە ئەمەریکای لاتینی وەك فەنزویلا، ئەرجەنتین، بەرازیل، مەکسیك،ئەم مۆدیلەی کۆپیکردەوە، ئەم مۆدیلە لەوانەیە بۆ وڵاتێك سەرکەوتوو بێت کە یەك نەتەوە بێت بەڵام هەرگیز بۆ وڵاتێك سەرکەوتوو نابێت کە فرە نەتەوە بێت. لەم شێوازەی فیدراڵیەتدا مەسەلەی فرە زمانی و فرە کەلتوری بە مەترسی بۆسەر ئاسایشی نیشتمانی دادەنرێت، ئەوەتا بیرمەندێکی گەورەی وەك ساموئیل هەنتیگتۆن لە کتێبی (ئێمە کێین؟) (Who are we؟) پرسیار لە گەلی ئەمەریکا دەکات ئایا ئینگلیزی زمانین یان ئیسپانی زمان، ئایا کەلتووری ئێمە ئەنگلۆ سەکسۆنە یان ئیسپانییە، هەنتیگتۆن مەترسی ئەوە پیشاندەدا کە خەریکە زمانی ئیسپانی لەهەندێك ویلایەتدا کەزۆرینەی خەڵکەکەی

●●●
**مۆدیلی فیدراڵیزمی یەک نەتەوەیی لەوانەیە بۆ وڵاتێک سەرکەوتوو بێت کە یەک نەتەوە بێت بەڵام هەرگیز بۆ وڵاتێک سەرکەوتوو نابێت کە فرە نەتەوە بێت**
●●●

یۆگسلافیا پێشوو



بەئیسپانی قسـەدەكەن رووخسـاری زمانی ئینگلیزی ناهێڵن، لای هەنتیگتۆن ئەوە مەترسییەكی گەورەیە ئیسپانی زمانێكی ئەمەریكی هەسـتی نەتەوەیی بجولێت ولە یارییەكـی فتبۆڵدا هانی یانەیەكی ئیسـپانی زمانی مەكسـیكی بدات و هانی یانەی لوس ئەنجلوس نەدات، هەموو ئەمانەش لەژێر یەك بیانودا پۆلێن دەكاتەوە كە خەڵكی ئەمەریكا وورده وورده لە ئاڵای ئەمەریكا دووردەكەونەوە و. پێویسـتە ئەو ئاڵایە هێما و شـكۆی هەموو ئەمەریكییـەكان بێت. بێگومان ئەمە بیركردنەوەی بیرمەندێكی گەورەی وەك هەنتیگتۆن بێت لەسەر گەشەسـەندنی زمانی ئیسـپانی لە نـاو هاووڵاتییانی ئەمەریكی ئیسـپانی زمانداو گەشەسـەندنی كەلتوور و زمانی ئیسـپانی بە مەترسی بۆ زمانی ئینگلیزیو كەلتوری ئەنگلۆ سەكسۆن بزانێت، ئەوا ئـەم مۆدیلە لە هەر وڵاتێكدا پیادەبكرێت نەتەوەكانی دیكە لە بۆتەی نەتەوەی باڵادەستدا دەتوێنیتەوە، ئەگەر هەر لەم چوارچێوەیەدا ئاماژە بە بۆچوونی هەندێك لە بەرپرسـانی ئەمەریكـی لە عێراقدا بكەین كە زۆر جار بە بەم رسـتەیە دەریدەبڕن (عێراق لەمەترسی دەرچووە) بێگومان ئەگەر بپرسـین ئایا بەدیدی ئێوە چۆن عێراق لە مەترسـی دەرچووە ؟ ئەوا وەك باڵیۆز رایان كرۆكەر لەبەردەم كۆنگرێس شانازی پێوەكرد.. دەرچوونی عێراق لە مەترسی بریتییە لە:

١- لەبەر ئـەوەی پەرلەمانتارانی عەرەب لە هەولێر كۆبوونەوە كەواتە مەترسی لەسەر یەكپارچەیی عێراق نەماوە.

٢- هەتا ئێستاش عێراق ئەندامە لە كۆمكاری عەرەبی.

ئەم دوو ئاماژەیە كە بە نەمانی مەترسـی لەسـەر عێراق ئاماژەیان پێدەكرێت، نیشـانەی ئەوەیە كە هێشتا ئەمەریكا دەیەوێت حكومەتی عێراق حكومەتێكی سـەنترالی بەهێز بێت نەك حكومەتێكی فیدراڵی فرە نەتەوەیی.

## مەترسییەكانی ناشناڵ فیدراڵیزم لە وڵاتی فرەنەتەوەدا

• لـە وڵاتـی فرەنەتەوەدا و عێـراق وەك نموونە، دەبێـت پێكهاتە جیاوازەكانـی ئەو وڵاتە دان بەوەدا بنێن كە عێـراق لە دوونەتەوەی سـەرەكی جیـاواز و دوو زمان ودوو كەلتووری سـەرەكی جیاواز و چەندیـن زمان و ئایین و كەلتـووری جیاواز پێكهاتەوە. ناشـناڵ فیدراڵیزم ئەم جیاوازیانە دەتوێنێتـەوە، تواندنەوەی ئەم جیاوازیانەش پێویسـتی بە دەسـەڵاتی بەهێزی حكومەتی ناوەنـد هەیە، كە لە فیدراڵییەتی فرە نەتەوەدا حكومەتی فیدراڵی دەسەڵاتی سنوورداره و دەسەڵات حكومەتە هەرێمییەكان فراوانترە. هەربۆیە ئەم شێوازە كاتێك بەسـەر دەوڵەتی فرە نەتەوەدا دەسـەپێنرێت، هەر لەگەڵ هەنگاونان بەرەو دیموكراسـی و بونیادی دامەزراوەكانی لیبراڵ — دیموكراتی، ئەم دامەزراوانە دەبنە هۆكارێك بۆ جیابوونەوە و سڕینەوەی وڵاتەكە، وەك فیدراڵییەتی یوگسـلافیای پێشوو، یەكێتی سۆڤییەتی پێشوو، ئەریتریایی پێشوو.

• پێكەوە ژیان لە وڵاتی فرەنەتەوەدا، پێكەوە ژیانێكی ئلرەزوومەندانەیە، ناشناڵ فیدراڵیزم دەیكات بە پێكەوە ژیانی زۆرەملێ، ئەم زۆرەملێیە بەردەوام پێویسـتی بە بوونی سوپایەكی بەهێز و دەزگایەكی ئاسایش و پۆلیسـی بەهێز هەیە، بۆ ئەوەی خواستی سەربەخۆیی لای نەتەوە جیاوازەكان كپكاتەوە، ئەمەش بەو مانایە دێت ناشـناڵ فیدراڵیزم بە زەبری هێزە نەتەوە جیاوازەكان لە چوارچێوەی یەك وڵاتدا كۆدەكاتەوە، نەك نەتەوە جیاوەزاكان هەسـت بكەن كە سـوودمەندن لە كیانێكی سیاسیی هاوبەشدا.

• دابەشكردنی دەسـەڵاتەكان لە ناشـناڵ فیدراڵیزمدا، دەسەڵاتی فـراوان دەداتە حكومەتی ناوەندی، ئەمـەش واتە وڵاتەكە لەرووی سیاسییەوە سـەنتراڵییەوە و لە رووی ئیدارییەوە لامەركەزییەتە، ئەم حاڵەتە ئەو هەسـتە لای نەتەوەكان بەو ئاستە دروست ناكات كە ئەو كیانە سیاسییەی لەسـەر دەژین كیانی هاوبەشی هەموویانە،بەڵكو هەست دەكەن مافە سیاسییەكانیان پێشێڵكراوە. هەربۆیە ئەمە دەبێتە هـۆكاری ئەوەی نەتەوە جیاوازەكان وەك پێویسـت هـاوكار نەبن بۆ گەشەسـەندنی ئابووری و بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری وڵاتەكە، هەروەك چۆن ئێسـتا بودجەی حكومەتی عێراق بۆ ساڵێك ٧٠ ملیار دۆلاری نەقدە، بەڵام هەست بە بوژانەوەی ئابووری عێراق ناكرێت.

بۆ زیاتر تاوتوێكردن و قسەكردن لەسەر ئەزموون و شێوازە جیاوازەكانی فیدراڵیزم و پەند وەرگرتن لە شكسـت و سەركەوتنەكانی فیدراڵیزم، گوڵان بۆ ئەم باسـە راوبۆچوونی كۆمەڵێك تایبەتمەندی وەرگرتووە كە ئەمە بۆچوونەكانیانە.

**لە فیدراڵییەتی فرە نەتەوەدا حكومەتی فیدراڵی دەسەڵاتی سنوورداره و دەسەڵات حكومەتە هەرێمییەكان فراوانترە**

**دابەشكردنی دەسەڵاتەكان لە ناشناڵ فیدراڵیزمدا، دەسەڵاتی فراوان دەداتە حكومەتی ناوەندی**

یۆگسلاڤیا دوای دابەش بوون



پرۆفیسۆر سەنجای کۆمار سینغ لە زانکۆی جواهیر لال نەهرۆ لە دلهی بۆ گوڵان:

# هەتا ئێستا عێراقییەکان لەو دەرەنجامە ئیجابییانە نەگەیشتوون کە لە چەسپاندنی فیدراڵیزم دێتە ئاراوە

پرۆفیسۆر سەنجای یەکێکە لە تۆژەرەکانی دیراساتی فیدراڵی و یەکێکە لە ناوە دیارەکان لە پسپۆڕان و تایبەتمەندانی بواری سیستەمی فیدراڵی و هەروەها بەڕێوەبەرەی سەنتەری دیراساتی روسیا و ئاسیای ناوەڕاست و رۆژهەڵاتی ناوەراستە بۆ کاروباری نێودەوڵەتی وچەندین کتێب و دیراساتی لەسەر شێوەکاری فیدراڵیزم هەیە.

لەسەر فیدراڵیزمی هیندستانیش تایبەتمەندە و کتێبێکی بەناونیشانی فیدراڵیزمی هیندستان نووسیووە.

لەسەر عێراقیش تایبەتمەندە و کتێبێکی لە ساڵی ٢٠٠٤ بەناونیشانی (کەنداوی فارسی: بەرەو پێشەوەچوونی هەرێمی دوای داگیرکردنی عێراق)

بۆ قسەکردن لەسەر ئایندەی عێراق و بوونیادی عێراقێکی فیدرال و دیموکراسی پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر سەنجای کردوو بەرێزی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

**لە سیستەمی فیدراڵیدا هەر گروپ و نەتەوەیەک لە چوارچێوە و سنوورێکی فراوانتردا دەژی**

*** چۆن فیدراڵیزم زەمینەی پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە نێوان ئەم گروپە جیاوازانەدا خۆش دەکات؟**

ئەگەر باس لە ئەزمونی فیدراڵی هیندستان بکەین ئەوا دەبینین کە فیدراڵیزم لە سەر ئاستی ئاینی و ناوچەیی پیادە دەکرێت، کەواتە لە سیستەمی فیدراڵیزمدا هەر گروپ و نەتەوەیەك لە چوارچێوە و سنوورێکی فراوانتردا دەژی، واتە سەرەڕای ئەوەی حکومڕانێتی خۆیان دەکەن، بەشداری لە داڕشتنی سیاسەت و دەرکردنی بڕیارەکانیشدا دەکەن لە سەر ئاستی مەرکەزی، بەو پێیە لە کۆمەڵگە فرە نەتەوە و فرە ئەتنی و فرە ئاینییەکاندا فیدراڵیزم دەرفەت بۆ هەر یەکە لەو گروپانە دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی ناسنامەی خۆیان بپارێزن و لە چوارچێوەی وڵاتەکەدا گەشە بکەن.

***هیندستان وڵاتێکە بە سەدان نەتەوە و ئاینی جیاوازی تێدایە چۆن فیدراڵیزم توانیویەتی ئەو هەمووو جیاوازییە پێکەوە کۆبکاتەوە؟**

- لە رێی رەخساندنی دەرفەتەوە بۆ ئاین و ئیتنە جیاوازەکان کە بتوانن نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن بۆ ئەوەی هەڵبستێت بە هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی ئەو گروپە ئەتنییە یان ئاینییە، کەواتە هەلی پاراستن و پەرەپێدانی ناسنامە ئەتنی و ئاینییە جیاوازەکان دەڕەخسێنیت کە زۆرجار سنووری کارگێڕی پارێزگایەك یان ناوچەیەك بریتیە لە سنووری ئەتنی یان ئاینی.

**٢٥-٢٧ شێوازی فیدراڵیزم لە جیهاندا هەیە**

***فیدراڵیزم شێوەی جیاوازی هەیە، هەر لەبەر ئەوەشە لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، کەواتە دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی فیدراڵیزمێکی گونجاو بۆ هەل و مەرجێکی تایبەت بدۆزرێتەوە؟**

من پێم وایە پێناسەی فراوانی فیدراڵیزم بریتییە لە حکومڕانیکردن و هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی ناوچەیەك یان هەرێمیك لە لایەن دانیشتوانی ئەو ناوچەیە یان هەرێمەوە، لە راستیدا حاڵی حازر لە جیهاندا نزیکەی ٢٥ تا ٢٧ حاڵەتی فیدراڵیەت هەیە کە رەهەندی جیاوازی فیدراڵیزم لە خۆدەگرن، بەڵام هەموویان لەو خاڵەدا هاوبەشن کە ئاماژەم پێکرد.

***ئایا لە کاتی بوونی ناکۆکی و رکابەرایەتییەکی دووروودرێژ لە نێوان پێکهاتەکانی وڵاتێکدا چۆن دەکرێت فیدراڵیزم ببێتە بناغەیەك بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە؟**

- راستە ئەگەر خەڵك ئارەزوی پێکەوەژیانی ئاشتییانە بکەن، ئەوا دەبێت دەست بە پرۆسەی دانوستاندن و گفتوگۆ بکەن، بە تایبەتی لەو کۆمەڵگەیانەی خاوەنی ئایین و ئەتنی و گرووپی جیاوازن، لەبەر ئەوەی هەر یەکەیان گۆشەنیگا و تیڕوانینی تایبەتی خۆیان هەیە، لەبەر ئەوە پێویست بە پرۆسەی دایەلۆگ و دانوستاندن و سازشکردن دەکات، هەر ئەمەشە وای کردووە لە هیندستان سیستەمی فرەحزبی و سیستەمی هاوپەیمانێتی دروست بێت، لەبەر ئەوەی گفتوگۆ لە سەر ئاستی کۆمەڵگە و خەڵکەکە ئەنجام دەدرێت.



**فیدراڵیزم پێویستی بە دەرفەت رەخساندن هەیە بۆ هەرێمەکان**

**نابیت ناوەند هەمووو دەسەڵاتەکان لای خۆی بهێڵێتەوە**

***کەواتە مێژووی فیدراڵیزم سەرکەوتن و شکستیشە، نموونەش بۆ هەردوو حاڵەتەکە هەیە ئایا تۆچۆن**

**ئەم حاڵەتانە تەفسیر دەكەیت؟**

- لە راستیدا فیدراڵیزم پێویستی بە دەرفەت رەخساندن هەیە بۆ ئەوەی هەرێمەكان و یەكە فیدراڵییەكان بەشـــداری لە پرۆسەی بڕیارسازیدا بكەن لە ســـەر ئاســـتی مەركەز، ئەگەرچی خاوەنی حكومەت و حكومڕانی خۆشیان بن، واتە نابێت دەسەڵاتێكی باڵا، لێرەدا مەبەستم لە باڵابوونی دەســـەڵاتی مەركەزییە، هەڵبستێت بە گرتنەئەستۆی هەمووو بەرپرســـیارێتییەكان و تێكرای بڕیارەكان لە دەســـتی خۆیدا بهێڵێتەوە، وەك ئەوەی لە یەكێتی سۆڤیەتی جاراندا بەدیمان كرد. كە دەبێت ئەم حاڵەتە بە باشی لەو دەستووردا بچەسپێنرێت.

ئەگەر باس لە ئەزموونە سەركەوتووەكانیش بكەین . هۆكارەكە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە دەستوورەكانیان بە باشی داڕشتوە و گرووپە جیاوازەكان پێكەوە كۆبوونەوە بڕیاریاندا یەكێتییەكی سیاسیی پێك بهێنن كە بریتی بوو لە فیدراڵیزم. لە لایەكی ترەوە ئەتوانین بڵێین دیموكراسی بنەمای سەرەكی فیدراڵیزمە، بۆ نموونە لە دەستووری هیندستاندا چەسپێنراوە كـــە دەبێت حكومەتـــی مەحەلی هەبێت، بۆ ئـــەوەی خەڵكی ئەو ناوچانە بتوانن خۆیان حكومڕانێتی خۆیان بكەن، ئەمەش بۆوە هۆی خولقاندنی دانوســـتاندنێكی دیموكراسی و لە دەرئەنجامدا رێگەی خۆش كرد بۆ ئەوەی تێكرای خەڵكی هیدستان بەشداری لە حكومەدا بكەن. لە لایەكی ترەوە دادگا فیدراڵییەكان رۆڵێكی گرنگیان بینیوە، بۆ نموونە لە كەنەدا و ئەمەریكادا لە پاراستنی هاوسەنگی دەسەڵاتی مەركەز و یەكە فیدراڵییەكان.

**هەتا ئێستا عێراقییەكان**
**لە دەرەنجامە باشەكانی چەسپاندنی فیدراڵیزم تێنەگەیشتون**

*** بـــەڵام لە عێراقدا هێندە باســـی یەكێتییەكی ســـەپێنراو دەكرێت باســـی یەكێتییەكی ئارەزوومەندانە ناكرێـــت، ئایا بۆچی هێندە لە هەڵوەشانەوەی عێراق دەترسن ؟**

-رەنگـــە هۆكارەكە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە كە هێشـــتا خەڵكی عێراق لە دەرئەنجامـــە باشـــەكانی گرتنەبەر و چەســـپاندنی فیدراڵیزم تێنەگەیشـــتوون، كە چۆن دەبێتە هۆی پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی هەرێمەكان. لە لایەكی دیكەوە، هەندێ جار مەترسی ئەوە هەیە كە ئەمە سەربكێشێت بۆ جیابوونەوە.

**لە كۆمەڵگە فرە نەتەوەكاندا**
**دیموكراسی بە بێ فیدراڵیزم سەركەوتوو نابێت**

*** بە چەشنی دیموكراسی فیدراڵیزمیش چەند بەدیلێكی هەیە، بۆ نموونە ئێســـتا ئیسلامدا سیستەمی ویلایەتی فەقیە پیادە دەكرێت. پێت وایە ئەم سیستەمە دەتوانێت جێی فیدراڵیزم بگرێتەوە؟**

- نابێت بڵێین فیدراڵیزم و دیموكراسی لەیەك دەچن، بەڵكو تەواوكەری یەكترن، بۆ نموونە لە كۆمەڵگە فرە نەتەوەكاندا دیموكراســـی بە بێ فیدراڵیزم ســـەركەوتوو نابێت. بە هەمان شـــێوە فیدراڵیزمیش بێ دیموكراســـی ناتوانێت ســـەركەوتوو بێت. لە لایەكی ترەوە فیدراڵیزم ناكۆكی نییە لەگەڵ ئاییندا، هەروەها من پێم وایە زۆربەی ئایینەكان بانگەشە بۆ ئازادی بیر و باوەڕ و ئازادی لە حكومڕانێتی و دیاری كردنی چارەنووســـی خۆیاندا بكەن، لەبەر ئـــەوە من پێم وایە هیچ ناكۆكییەكیان لە نێواندا نییە.

**فیدراڵیزم واتە دابەشكردنی دەسەڵات**

*** ئەی ئەگەر دیموكراسی لەگەڵ هەڵومەرجی وڵاتەكەدا نەگونجا**

**ئایا دابەشكردنی دەسەڵات سەركەوتن بەدەست دەهێنێت؟**

- بنەڕەتی فیدراڵیزم بریتیە لە دابەشكردنی دەسەڵات، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێكرد پێویستە لە پاڵ فیدراڵیزمدا دیموكراسی و دابەشكردنی دەســـەڵات هەبێت، ناكرێت وەك بەدیلی فیدراڵیزم لە دابەشـــكردنی دەسەڵات بڕوانین، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا فیدراڵیزم ئەو مەسەلەیە لە خۆدەگرێت.

**نابێت ئەگەری ئەوە بەدووربگرین**
**كەسایەتییەكی وەك هیتلەر لە عێراقدا سەرهەڵبدات**

*** ئەگەر فیدراڵیزم لە عێراقدا شكستی هێنا و دیموكراسیش نەهاتە ئاراوە، ئایا كۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی رێگە بەوە دەدات عێراق بەرەو دیكتاتۆرییـــەت هەنگاو بنێت، یان رێگە بە دابەش بوونی ئەو وڵاتە دەدرێت؟**

- لە راســـتیدا بارودۆخی عێراق زۆر لەوە ئاڵۆزترە كە وەسف بكرێت، رەنگـــە من هەڵەبم لەم تێڕوانینەمدا، كـــە ئەگەر هەڵەش بم دەبێت ببەخشـــن، من پێم وایە ئەگەر شـــەڕێكی ناوخۆیی دووردرێژ لە عێراقدا ســـەرهەڵدا و بەرپا بوو، ئەوا ناكرێت ئـــەو ئەگەرە بە دوور بگرین كە كەسایەتییەكی وەك هیتلەر سەر هەڵبدات. بەڵام لە لایەكی دیكەوە عێراقییەكان خوازیاری ئەوەن ژیانێكی ئازاد و دیموكراســـی ببەنەسەر، هەر بۆیە هیوا و ئومێدی من ئەوەیە بتوانرێت فیدراڵیزم لە عێراقدا بچەسپێنرێت بە چەشنێك ببێتە هۆی جێگیركردنی ئاشتی و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی لەو وڵاتەدا.

**سەدەی بیست و یەك سەدەی فیدراڵیزمە**

***ئێمە وەكو كورد هەمیشە هەوڵمان داوە دەستوور جێبەجێ بكەین ؟ ئایا پێتان وایە فیدراڵیزم لە عێراقدا ســـەركەوتن بەدەست دەهێنێت و هەوڵەكانی ئێمەش بە فیڕۆ ناڕوات؟**

- پرســـیارەكەی من ئەوەیە بۆچی ســـەركەوتن بەدەست ناهێنێت، رەنگـــە هۆكارەكە ئەوە بێـــت كە خەڵكی عێراق بـــە جیددی و بە قووڵی بیریان لە دەرئەنجامە باشـــەكانی فیدراڵیزم نەكردبێتەوە، من پێم وایە دەبێت ســـەرەتا دەســـت بە پرۆسەیەكی دیموكراسی بكرێت، واتە دانوســـتاندن بكرێت بۆ یەكلاكردنەوەی كێشەی ئەو خاكانەی ناكۆكیان لەســـەرە. سەدەی بیست و یەك سەدەی فیدراڵیزمە، لەبەر ئەوەی هیچ سیســـتەمێكی تر ناتوانێت كێشـــەی ناكۆكییە ئەتنی و ئاینییەكان چارەســـەر بكات بە چەشـــنی فیدراڵیزم. حاڵی حازر فیدراڵیزم بۆتە دەرمانی ئەو دەردانە. فیدراڵیزم دەبێتە هۆی ئەوەی خۆتان حكومڕانێتی خۆتان بكـــەن، ئەوەش بە مانای ئەوە دێت كە خۆتان چارەنووســـی خۆتان دیاری بكەن، بەڵام لە هەمان كاتدا ئێوە شەریكن لە حكومەتە نیشـــتمانییەكەدا. ئەم حاڵەتە لە هیندستاندا بەدی دەكرێت، بە چەشـــنێك زۆرێك لە هەرێم و ناوچە فیدراڵیەكان مانەوە لە چوارچێوەی وڵاتەكەدا بە باشـــتر دەزانن لە جیابوونەوە و جاردانی ســـەربەخۆیی، لەبەر ئەوەی بە مانەوەیان لە چوارچێوەی فیدراڵییەتەكەدا دەتوانن باشـــتر ئەمانجەكانیان بەدی بهێنن و باشتر خزمەتی بەرژەوندیەكانییان بكەن. ئەوەش خاڵی بەهێزی هیندستانە، كە من هیوادارام عێراقییەكانیش بە هەمان شێوە لە فیدراڵییەت بڕوانن و ئەو راستیەیان لەبەرچاو بێت كە بە چەسپاندنی فیدراڵییەت دەتوانن وا بكەن گـــرووپ و نەتەوە جیاوازەكان ئارەزومەندانە لە چوارچێوەی وڵاتەكەدا بمێننەوە.

●●●
**ئەزموونی فیدراڵی هیندستان لە سەر ئاستی ئاینی و ناوچەیی پیادە دەكرێت**
●●●

●●●
**لە جیهاندا نزیكەی ٢٥ تا ٢٧ حاڵەتی فیدراڵیەت هەیە كە رەهەندی جیاوازی فیدراڵیزم لە خۆدەگرن**
●●●

●●●
**سەدەی بیست و یەك سەدەی فیدراڵیزمە، لەبەر ئەوەی هیچ سیستەمێكی تر ناتوانێت كێشەی ناكۆكییە ئەتنی و ئاینییەكان چارەسەر بكات بە چەشنی فیدراڵیزم**
●●●

**پرۆفیسۆر داڤید لاتین ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی ستانفۆرد بۆ گوڵان:**

# فیدراڵیزم
# کە شکستی هێنا شەڕی ناوخۆیی
# لێدەکەوێتەوە

**پرۆ فیسـۆر داڤید لاتین ئوسـتادی زانسـتی سیاسـەتە لەزانكـۆی ستانفۆردی ئەمەریكی و پرۆ فیسـۆرو تایبەتمەند، لەسەر کێشە ئەتنیەکان و شەڕی ناوخۆی و هەروەها شـێوازی چارەسەکردنی ئـەم کێشـانە بەڕێگەی فیدراڵیزم یان جیابوونەوەی پێکهاتە ناکۆکەکان.**

**پرۆ فیسـۆر لاتیـن هەر شـێوازێکی فیدراڵیـزم لـەدەرەوە بەسـەر عێراقییەکاندا بسەپێنرێت بـە هەنگاوێکـی ناسـەرکەوتوویی دادەنێت و پێـی وایـە دەبێـت عێراقییەکان خۆیان بگەنە قەناعەت و لەسەر شێوازی گونجاو ڕێکبکەون.**

**سەبارەت بەئایندەی عێراق و پرۆسەی بە فیدراڵیزمی عێـراق، گوڵان پەیوەندی بە پرۆ فیسـۆر لاتین کرد بەمجـۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

### هەموو ئەزموونەکانی فیدراڵی سەرکەوتوونەبوون

***فیدراڵیـزم هۆکارێکـە بۆ پێکەوەسـازاندنی هەموو وڵاتە فرە نەتەوەکان، کە لە گروپی ئایینی و ئەتنی و نەتەوەی جیاواز پێك هاتوون، چۆن فیدراڵیزم زەمینەی پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە نێوان ئەم گروپە جیاوازانەدا خۆش دەکات؟**

-هەنـدێ جار فیدراڵیزم ئاشـتی بەرپا دەکات، بەڵام هەمیشـە فیدراڵیزم ئـەو دەرئەنجامەی لێناکەوێتـەوە، فیدراڵیزم لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە شەڕی ناوخۆییدا تێپەڕی لە سەدەی نۆزدەدا، لەبەرئەوە هەندێ جار سـەرکەوتن بەدەسـت دەهێنێت و هەندێ جار شکسـت، لە نایجیریادا شکسـتی هێنا لە سـاڵی ١٩٦٧دا و شـەڕێکی ناوخۆیی چەند ساڵەی لێکەوتەوە. کەواتە هەندێ جار فیدراڵیزم سـەرکەوتن بەدەست دەهێنێت لە هێنانەدی ئاشتیدا، نەك هەموو جار.


گرنگترین شـت ئەوەیە لایەنەکان، یان یەکە فیدراڵییەکان لە سەر ڕێساگەلێکی دیاری کراو ڕێك بکەون لە نێو خۆیاندا، **فیدراڵیزم** سـەرکەوتن بەدەسـت ناهێنێت ئەگـەر لـە لایـەن هێزێکی دەرەکییـەوە سـەپێنرا، بەڵکو هەروەك ئامـاژەم پێکرد ئەبێت هەرێمەکان و یەکە فیدراڵییەکان لەسەر ڕێسـاگەلێکی هاوبەش ڕێك بکەون.

***بـەرای تـۆ هۆکارەکانـی شکستی فیدراڵیزم چین ؟**

- هۆکارەکانـی شکسـتی فیدراڵیـزم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کـە گروپێـك یاخـود چەند گروپێکـی ئەو وڵاتە هەسـت دەکەن و پێیـان وایە ئامانج و خەونەکانیان لەوە گەورەترە کە لە چوارچێوەی فیدراڵیزمدا بەدی بهێنرێـت و بە تێڕوانینی ئەوان تەنها دامەزراندنی دەوڵەتێکی سـەربەخۆ دەبێتە هۆی هێنانەدی ئامانجەکانیان، بۆ نموونە کاتێك خەڵکانی باشـووری ئەمەریکا هەسـتیان کرد کە ڕۆڵی باکووریەکان گەورەتر دەبێت و مەترسی ئەوە هەیە کە کۆلایەتی هەڵوشێتەوە و ئیمتیازاتی خۆیان لەدەست بدەن، هـەر بۆیە پێیان وابوو کـە ئامانجەکانیان لە چوارچێوەی فیدراڵیەتدا نایەتەدی و هەوڵیاندا لێی جیاببنەوە کە دواتر شەڕی ناوخۆی هەڵگیرسا.

***بەڵام فیدراڵیزم واتە پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە، بۆچی دەبێت جیابوونەوەکەشـی ئارەزومەندانە نەبێت؟ئایـا پێت وایە لەعێراقدا فیدراڵیزم سەرکەوتوو دەبێت ؟ ئەگەر سەرکەوتوو دەبێت بەرای تۆ هۆکارەکانی سەرکەوتن چین ؟**

-تاڕادەیەك گەشبینم، لەبەرئەوەی سەرکردەی ناوچە جیاوازەکانی عێراق بەو راستییەو دەرئەنجامە گەیشتوون کە بەرژەوەندیان هەیە لە سازشـکردن و گەیشتن بە ڕێککەوتنامەیەکی هاوبەش لەگەڵ لایەنەکانی تردا، واتە ئەو سـەرکردانە ئەو راستییە ڕەچاو دەکەن کە دەسەڵاتێکی سـنووردا و ئامانجێکی سـنووردایان هەیە و گەیشـتن بـە ڕێککەوتـن و سازشـکردنی بەشـێکی ئامانجەکانیـان ئەهێنێتەدی، هەروەها دەبێـت کوردەکانیش ئەوەیـان لەبەرچـاو بێت (کە من پێم وایە زۆربەی کوردەکان بەم شـێوەیە بیـر دەکەنەوە) کە جاڕدانی سـەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەت کارێکی کردەنی نییـە و ڕەنگدانەوەی لەسەر ناوچە کوردییەکانی ئێران و تورکیا دەبێت و بارودۆخێکی نائاسایی دەخوڵقێنێت. بەڵام من پێم وایە بوونی درێژەکێشـانی داگیـرکاری ئەمەریـکا بۆ عێراق دەبێـت ببێتە هۆکار و پاڵنەرێـك بۆ ئەوەی لایەنەکان



●●●
**فیدراڵیزم سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت ئەگەر لە لایەن هێزێکی دەرەکییەوە سەپێنرا، بەڵکو ئەبێت هەرێمەکان و یەکە فیدراڵییەکان لەسەر رێساگەلێکی هاوبەش رێک بکەون**
●●●

●●●
**دەرئەنجامە چاوەڕوان کراوەکانی پاشەکشەی هێزە دەرەکییەکان لە عێراقدا سەرهەڵدان و دروست بوونی دیکتاتۆرییەتە**
●●●

●●●
**لە هیندستان هەر یەکەیەکی فیدراڵی خاوەنی زمان و کەسایەتی خۆیەتی و هۆکاری سەرکەوتنەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێزە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە پێیان وایە دەرفەتێکی باشتریان بۆ دەرەخسێت بە مانەوەیان لە چوارچێوەی فیدراڵییەتەکەدا**
●●●

●●●
**دابەشکردنی دەسەڵات دەکرێت ببێتە بەدیلی فیدراڵیزم، بەڵام دابەشکردنی دەسەڵاتیش پێویستی بەوە هەیە لایەنەکان لەسەر رێساکانی گەمەکە رێک بکەون**
●●●




سازشـــی زیاتر بکەن، واتە بوونی هێزێکی داگیرکار لە وڵاتەکەدا دەبێت ببێتە هۆی خولقاندنی ئەو پاڵنەرە.

**دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا**
**ئەگەری گەڕانەوە بۆ دیکتاتۆری زیاترە**

***ئەگەر فیدراڵیزم لە عێراقدا شکســتی هێنا، ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتـــی رێگە بەوە دەدات عێراق بەرەو دیکتاتۆرییەت هەنگاو بنێت، ئەگەر دیکتاتۆریش لە عێراقدا دەسەڵاتی گرتە دەست ئایا رێگە بە دابەش بوونی ئەو وڵاتە دەدرێت؟**

من پێم وایە یەکێك لە دەرئەنجامە چاوەڕوان کراوەکانی پاشەکشەی هێزە دەرەکییەکان لە عێراقدا سەرهەڵدان و دروست بوونی دیکتاتۆرییەتە، بە تایبەتی لە لایەن هێزە باڵادەست و دەسەڵاتدارەکانەوە، تەنانەت ئەگـــەر دوای ئەو کشـــانەوەیە هەڵبژاردنیش بکرێت، من پێم وایە ئـــەو کاتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نابێت، تەنهـــا ئەو کاتە نەبێـــت کە ئەو دەســـەڵاتە دیکتاتۆرییە هەوڵی داگیرکردنی وڵاتێکی دەرەکی بدات، هەرچەندە چاوەڕوانی ئەوەش دەکرێت کە خەسڵەتێکی فیدراڵیزمی هەبێت، بەڵام زیاتر ئەگەری سەرهەڵدانی دیکتاتۆرییەتی لێدەکرێت.

**لە هیندستان هەر یەکەیەکی فیدراڵی**
**خاوەنی زمان و کەسایەتی خۆیەتی**
**بۆیە سیستەمە فیدراڵییەکە سەرکەوتووە**

***لە لایەکی تـــرەوە چەندین ئەزموونی ســـەرکەوتنی فیدراڵیزم لـــە ئارادان، وەك بەلجیکا، سویســـرا، هیندســـتان و کەنەدا، ئایا هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەم ئەزموونانە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- ئەمە پرســـیارێکی گەورەیـــە، بۆ نموونە **لە هیندســـتان هەر یەکەیەکی فیدراڵی خاوەنی زمان و کەسایەتی خۆیەتی** و هێشتا سیستەمە فیدراڵییەکە ســـەرکەوتووە، هۆکاری **سەرکەوتنەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێزە سیاســـییەکانی ئـــەو وڵاتە پێیان وایە دەرفەتێکی باشـــتریان بۆ دەرەخسێت بە مانەوەیان لە چوار**چێوەی **فیدراڵییەتەکەدا،** لە لایەکی دیکەوە یادەوەری دابەش بوون هێشتا لـــە هزری خەڵکی ئـــەو وڵاتەدا ماوە کە ئەزموونێکی شکســـت خواردوو بوو کە ژمارەیەکی گەورەی خەڵك لە شـــەڕەکانی دابەش بـــوون و جیابوونەوەدا کوژران لە ســـاڵی ١٩٤٧دا. کەواتە بوونی دەرفەتـــی کراوە لـــە مەرکەزدا بۆ هەموو گروپـــەکان و هەروەها لەبەرچاوگرتنـــی دەرئەنجامی پڕ لە توندوتیژی جیابوونەوە وایان کردووە خەڵکی پشتگیری لە درێژەپێدانی سیستەمە فیدراڵییەکە بکەن.

**دابەشکردنی دەسەڵاتەکان**
**پێویستی بە متمانەی نێوان لایەنەکان هەیە**

***یەکێك لە رەهەندەکانی دیکەی فیدراڵیزم بریتییە لە دابەشکردنی دەســـەڵات، ئەگەر دیموکراسی لەگەڵ هەل و مەرجی وڵاتەکەدا نەگونجا ئایا دابەشـــکردنی دەســـەڵات ســـەرکەوتن بەدەســـت دەهێنێت؟**

- دابەشکردنی دەسەڵات دەکرێت ببێتە بەدیلی فیدراڵیزم، بەڵام لە سایەی هەل و مەرجێکی دیاری کراودا، ئەویش ئەگەر لایەنەکان نەتوانـــن متمانە بە یەکتری بکەن، بۆ نموونە لە حاڵەتی لوبناندا، بەڵام هەروەك بینیمان ئەمەش نەیتوانی رێگە لە روودانی شەڕێکی ناوخۆیی بگرێت، واتە دابەشـــکردنی دەسەڵاتیش پێویستی بەوە هەیە لایەنەکان لەسەر رێساکانی گەمەکە رێك بکەون.

پرۆفیسۆر مەهاندرا لاوتی ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی میشیگان بۆ گوڵان:

# مۆدیلی فیدراڵیزمی ئەمەریکا، فیدراڵیزمی ڕێکخستنی ئیدارییەو جیاوازە لە فیدراڵیزمی فرە نەتەوەیی

**پرۆفیسۆر مەهاندرا لاوتی کە ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی میشیگان، پسپۆڕو تایبەتمەندە لەسەر بە دیموکراتیزەکردن و فیدراڵی و هەروەها کۆمەڵگە فرە نەتەوەو کلتوورەکان.**
**سەبارەت بە دیراسەت و توێژینەوەکانیش زۆر بایەخ بە نیپاڵ وەك ئەزموونێکی فیدراڵی دەدات، هەروەها بوونی دامەزراوەکانی لیبرال دیموکراتیش بە فاکتەرێکی گرنگ بۆ سەرخستنی فیدراڵیزم و ڕێکخستنی کۆمەڵگە فرە نەتەوەو کلتوورەکان دەزانێت.**
**سەبارەت بە ئایندەی فیدراڵیزم و دیموکراسی لە عێراقدا و مەترسی کۆپی کردن مۆدیلی فیدراڵیزمی ئەمەریکی لە عێراقدا پرۆفیسۆر لاوتی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

### فیدراڵیزمی فرەنەتەوە لە فیدراڵیزمی ئەمەریکا و ئوستڕالیا جیاوازە

***فیدراڵیزم شێوەی جیاوازی هەیە، هەر لەبەر ئەوەشە لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، کەواتە دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی فیدراڵیزمێکی گونجاو بۆ هەلومەرجێکی تایبەت بدۆزرێتەوە؟**

- لە بنەڕەتدا فیدراڵیزم دوو جۆری هەیە، یەکێکیان لە وڵاتە گەورەکاندا، وەك ئەمەریکا و ئوستڕالیا، کە ئەو وڵاتانە ئەوەندە گەورەن کە زەحمەتە بتوانن هەموو کاروبارەکان لە مەرکەزەوە هەڵسوڕێنن، لەبەر ئەوە یەکەی بچووکتر دروست دەکەن بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارە مەحەلییەکان، کە زۆرجار پێی دەگوترێت فیدراڵیزمی کارگێڕی. بەڵام لە وڵاتانێکی دیکەدا کە بچووکن، وەك سویسرا و بەلجیکا، ئەوا لەبەر ئەوەی ئەو کۆمەڵگەیانە فرە نەتەوەن و هەر نەتەوەیەك بەها و زمان و ئایینی تایبەتی خۆی هەیە ئەوا پێویستیان بەوە دەبێت خۆیان کاروباری خۆیان هەڵسوڕێنن. کە دەکرێت پێی بڵێن فیدراڵیزمی ئیتنی، کە ڕێگەیان پێدەدات کاروبارەکانی خۆیان هەڵسوڕێنن لە ناوچەکانی خۆیاندا. هەندێ جاریش کاریگەریان لەسەر سیاسەتی گشتی وڵاتەکە دەبێت. هەربۆیە لەوانەیە فیدراڵیزم تاکە میکانیزمێك بێت بۆ ئەوەی گرووپە جیاوازەکان بتوانن خۆیان حکومڕانێتی خۆیان بکەن و پێکەوە بە ئاشتییانە بژین. وەك کۆمەڵگە فرە نەتەوە و فرە کەلتوور و فرە ناسنامەکاندا.

### ئەگەر هەرێمەکان لە دەوڵەتی فرەنەتەوە دەسەڵاتی تەواویان نەبێت مافی خۆیانە داوای جیابوونەوە بکەن

***فیدراڵیزم بریتییە لە پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە، واتە ژیان لە چوارچێوەی وڵاتێکدا بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە و لە ڕێی گفتوگۆ و سازشکردنەوە، بەڵام لەکاتی بوونی ناکۆکی و ڕکابەرایەتییەکی دوورودرێژ لە نێوان پێکهاتەکانی وڵاتێکدا چۆن دەکرێت فیدراڵیزم ببێتە بناغەیەك بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە؟**

- فیدراڵیزم ڕێگە بە پێکەوەژیانی نەتەوە ئەتنی جیاوازەکان دەدات، بەڵام ڕەنگە ئەمە تاکە ڕێگاچارە نەبێت، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر خەڵکی بڕیاریاندا بە شێوەیەکی ئاشتییانە لێك جیاببنەوە و دەوڵەتی خۆیان دروست بکەن، ئەوا ڕەنگە ئەمە یەکێکی تر بێت لە ڕێگاچارەکان. بەڵام ڕەنگە زۆرجار هێزە باڵادەستەکان بەرهەڵستی ئەو جیابوونەوە بکەن و ڕێگەی توندوتیژ بەکاربهێنن بۆ پوچەڵکردنەوەی. من دەڵێم ئەگەر لە چوارچێوەی سیستەمێکی فیدراڵیدا ڕێگە بە گرووپە جیاوازەکان درا بۆ ئەوەی خۆیان حکومڕانێتی کاروبارەکانی خۆیان بکەن ئەوا ڕەنگە بیر لە جیابوونەوە نەکەنەوە، لەبەر ئەوەی زۆرجار جیابوونەوە کارێکی ئاسان نییە و شەڕێکی درێژخایەنی بە دوادێت. لە باشووری هیندستان بزووتنەوەیەکی جوداخوازی هەبوو لە ناو تامیلەکاندا، بەڵام هەر کە هەلی ئەوە بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە ڕەخسێنرا کە خۆیان حکومڕانێتی خۆیان بکەن، ئەوا ئەو بزووتنەوەیە بەرەو پووکانەوەچوو، واتە دەبێت دەسەڵات بەو گرووپانە بدرێت، بە پێچەوانەوە نارەزایی سەرهەڵدەدات و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ کوشتن و کاولکاری. کەواتە فیدراڵیزم ریگاچارەیەکە بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتە نەتەوەییەکەدا.



## فیدراڵیزمی یوگسلافیا و سۆڤییەتی پێشوو بەخشینی دەسەڵات بوو نەک دابەشکردنی دەسەڵات

*** مێژووی فیدراڵیزم تەنها بریتی نییە لە چیرۆکی سەرکەوتن، هەروەها زۆرێك لەو وڵاتانەی بۆ چەندین دەیە فیدراڵیزمیان پیادە کرد لە کۆتاییدا لەبەریەك هەڵوشانەوە، بۆ نموونە یەکێتی سۆڤییەتی جاران و یوگسلافیای پێشوو، بە پێی تێڕوانیی ئێوە هۆکارەکانی شکستی فیدراڵیزم چین؟**

- ئەگەر لە وڵاتانی یەکێتی سۆڤییەت و یوگسلافیا بڕوانیت کە لە بەرەیەك هەڵوەشان، ئەوە بەدی دەکەیت کە ئەو وڵاتانە لەکاتی پێکهێنانی فیدراڵیزمدا وڵاتگەلێکی دیموکراسی نەبوون، لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا کە تیایاندا دەسەڵات لە نێوان مەرکەز و ناوچەکاندا لە ڕێی گفتوگۆوە دابەشکراوە، فیدراڵییەت درێژە دەکێشێت. بەڵام ئەو فیدراڵییەتەی لە یەکێتی سۆڤییەتدا هەبوو لەلایەن سەرکردەکانی ئەو وڵاتەوە بە ناوچەکان بەخشرابوو نەك لە ڕێی گفتوگۆوە. واتە ئەوە دەوەستێتە سەر ئەوەی چۆن ئەو فیدراڵیزمە پێکدەهێنرێت و جێگیر دەکرێت، ئایا لە ڕێی گفتوگۆوە یان لە ڕێی سازشکردنەوە یان لە ڕێگەی ترەوە.

هەربۆیە هۆکاری سەرکەوتنی فیدراڵیزم بەردەوام بوونی گفتوگۆ و سازشەکانە، گفتوگۆ و سازشکردنیش دەبێت لە نێوان گرووپ و نەتەوە جیاوازەکاندا بێت، نەك لەلایەن سەرکردەکانەوە بە خەڵکی بدرێت. هەر کاتێك ئەو گرووپانەش خواست و ئامانجی نوێیان هەبوو دەبێت دەست بە گفتوگۆ بکرێت لە بارەیەوە، واتە دەبێت میکانیزمێکی گونجاو بۆ ئەم مەسەلەیە دابنرێت. ئەمەش بووە هۆکاری سەرکەوتنی فیدراڵیزم لەو وڵاتانەدا. لە وڵاتانێکی وەك هیندستان و ئیسپانیا کە سەرەتا ناوچەکانی دەسەڵاتێکی زۆریان نەبوو، بەڵام دواتر حکومەتە مەرکەزییەکان ڕازی بوون دەسەڵاتێکی زیاتر بەو ناوچانە ببەخشن، ئەمەش بووە هۆی سنووردارکردنی دەسەڵاتی فیدراڵیزم و پتەوکردنی سیستەمی فیدراڵیزم لەو وڵاتانەدا. کەواتە هۆکاری سەرکەوتنی فیدراڵیزمی دیموکراسی بەردەوام بوونی ئەو گفتوگۆیەیە. هەر کاتێك ناوچەکانی مافی حکومڕانیکردنی کاروبارەکانی خۆیان پێدرا ئەوا بەو دەسەڵاتە خۆشحاڵ دەبن و بیر لە جیابوونەوەو دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیان نادەن.

### لە عێراقدا دیموکراتی بوونی نییە هەربۆیە فیدراڵیزمیش سەرکەوتوو نابێت

***بۆچی لە عێراقدا کە فیدراڵییەت قبووڵ ناکرێت؟، بەڵام یەکپارچەیی عێراق دەکرێتە کۆسپ و ئاستەنگێك لەبەردەم عێراقییەکاندا؟**

- ڕەنگە هۆکارەکە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەو فیدراڵیزمەی لە عێراقدا هەیە فیدراڵیزمێکی دیموکراسی نییە و لە ڕێی گفتوگۆوە نەهاتۆتەدی، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد فیدراڵیزم پێویستی بە ئەنجامدانی گفتوگۆیە لە نێوان گرووپە جیاوازەکاندا. ئەگەر لە فیدراڵیزمدا دەسەڵاتی تەواو و پێویست بە ناوچە و هەرێم و فیدراڵییەکان نەدرێت ئەوا ئەمە سەردەکێشێت بۆ شکستهێنانی ئەو فیدراڵیزمە. واتە دەبێت لە پاڵ فیدراڵیزمدا مافی کەمینەکان بپارێزرێت و هەموو کەمینەکان بەشداری لە دەسەڵاتدا بکەن لەسەر ئاستی مەرکەز بە پێچەوانەوە شکست دەهێنێت.

### هیچ ئەلتەرناتیڤێک جێگەی فیدراڵیزم ناگرێتەوە

***بە چەشنی دیموکراسی فیدراڵیزمیش چەند بەدیلێکی هەیە، بۆ نموونە ئێستا لە ئێراندا سیستەمی ویلایەتی فەقییە پیادە دەکرێت. پێت وایە ئەم سیستەمە دەتوانێت جێی فیدراڵیزم بگرێتەوە؟**

- من پێم وایە ڕەنگە فیدراڵیزم تا ڕێگاچارە بێت بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانەی گرووپ و پێکهاتە جیاوازەکان لەگەڵ یەکدا، لەبەر ئەوەی دەرفەتی ئەوەیان بۆ دەڕەخسێنێت کە خۆیان حکومڕانی خۆیان بکەن. بەڵام ڕەنگە بەدیلەکانی تر نەتوانن بە هەمان شێوەی فیدراڵیزم خواستی خەڵکە جیاوازەکان بەدی بهێنن. بەڵام ئەگەر ئەو خەڵکانە مافی خۆحکومڕانیکردنیان پێ نەدرێت، ئەوا ڕەنگە سەقفی داواکارییەکانیان بەرز بکەنەوە داوای جیابوونەوە بکەن، ئەوکاتە ڕەنگە دەسەڵاتی مەرکەزی پەنا بۆ سەرکوتکردن و داپلۆسین ببات، ئەمە ڕەنگە ڕادەیەك لە سەقامگیری بخوڵقێنێت، بەڵام دەرئەنجامێکی خوازراو نییە.

### سەربەخۆیی بەرەنجامی گۆڕانکاریەکان هەندێ جار ڕەوتی ڕووداوەکان جۆریکە کە ناتوانن کۆنتڕۆڵی بکەن

*** ئەی ئەگەر دیموکراسی لە وڵاتەکەدا سەرکەوتوونەبوو ئایا دابەشکردنی دەسەڵات سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد فیدراڵیزم یەکێکە لە ڕێگاکان بۆ دابەشکردنی دەسەڵات، کە لە فیدراڵیزمدا دەسەڵات لە نێوان مەرکەز و هەرێمەکاندا دابەش دەکرێت. میکانیزمی جیاواز هەیە بۆ دابەشکردن دەسەڵات، بەڵام فیدراڵیزم یەکێکە لە میکانیزمە گرنگەکان.

هەربۆیە ئەگەر بەتایبەتی باسی عێراق بکەین ئەوا بارودۆخی عێراق لە بەردەم سێ ئەگەردایە، یەکێکیان ئەوەیە کە فیدراڵیزم و جۆرێك لە دابەشکردنی دەسەڵات درێژە بکێشن. هیچ دیموکراسییەکیش لە سەرەتا بێ گرفت و کەموکوڕی و کێشە نابێت و کاتی دەوێت. ئەگەرێکی تر سەرهەڵدانی دیکتاتۆری و ڕژێمی سەرکوتکارییە، بە تایبەتی ئەگەر فیدراڵیزم شکستی هێنا. من پێم وایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هەموو شێوەیەك هاوکاری عێراق دەکات بۆ جێگیرکردنی دیموکراسی، بەڵام ئەوە دەوەستێتە سەر پەرۆشی خەڵکی عێراق بۆ ئەو مەسەلەیە و ئایا ئامادەن کات و کۆششی خۆیانی بۆ تەرخان بکەن. ئەگەری سێیەم کە پەیوەندی بە ئەگەری دابەشبوونی عێراقەوە هەیە، من پێم وایە مەسەلەی دابەشبوون و جیابوونەوەی کوردەکان لە عێراقدا زەحمەتە، لەبەر ئەوەی ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر کوردەکانی ئێران و سوریا و تورکیا و دەبێتە هۆی جۆشدان و جوڵاندنیان. بەڵام ناتوانین پێشبینی ئایندە بکەین، لەبەر ئەوەی لە ساڵانی سییەکانەوە تاوەکو جەنگی جیهانی دووەم کەمتر لە سەد دەوڵەت هەبوون لە جیهاندا، بەڵام ئێستا نزیکەی دوو سەد دەوڵەت بوونیان هەیە. ڕەنگە هێزە جیهانی و دەوڵەتە دراوسێکان کاریگەرییان هەبێت لەسەر ئێوە، بەڵام هەندێ جار ڕەوتی ڕووداوەکان بە ئاراستەیەکدا دەڕوات کە ناتوانن کۆنتڕۆڵی بکەن.

**●●●**
**لەوانەیە فیدراڵیزم تاکە میکانیزمێک بێت بۆ ئەوەی گرووپە جیاوازەکان بتوانن خۆیان حکومڕانیتی خۆیان بکەن و پێکەوە بە ئاشتییانە بژین**
**●●●**

**●●●**
**هۆکاری سەرکەوتنی فیدراڵیزم بەردەوام بوونی گفتوگۆ و سازشەکانە، لە نێوان گرووپ و نەتەوە جیاوازەکاندا**
**●●●**

**●●●**
**ئەو فیدراڵیزمەی لە عێراقدا هەیە فیدراڵیزمێکی دیموکراسی نییە و لە ڕێی گفتوگۆوە نەهاتۆتەدی**
**●●●**

**●●●**
**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هەموو شێوەیەک هاوکاری عێراق دەکات بۆ جێگیرکردنی دیموکراسی**
**●●●**

**رۆبەرتۆ کاستەلدی توێژەر لە ئامۆژگای تورین بۆ دیراساتی فیدراڵیزم لە ئیتاڵیا بۆ گوڵان:**

# لەهەر وڵاتێکدا دەستووره فیدراڵییەکه پشتگوێ خرا فیدراڵیزم سەرکەوتوو نابێت

**توێژەر رۆبەرتۆ کاستەلدی کە تایبەتمەندە لەسەر دیراساتی فیدراڵی و ئەزموون و مێژووی فیدراڵیزم لە ئامۆژگای تورین بۆ دیراساتی فیدراڵ لە ئیتاڵیا، توێژینەوە و دیراسەتەکانی سەبارەت بە میکانیزمی ئەزموونەکانی فیدراڵیزمە و بەراوردکارییە لە نێوان سیستەمە فیدراڵە جیاوازەکاندا.**

**رۆبەرتۆ مەرجی سەرکەوتنی فیدراڵیزم بە دەستووری فیدراڵی بەستراوەتەوە، بەڵام دەبێت ئەو دەستوورەش جێبەجێ بکرێت و رێزی بگیرێت، سەبارەت بەم پرسە گرنگە بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە روو.**

### هەموو پیکهاتەکانی سویسرا سوودی خۆیان لە مانەوەیان لە چوارچێوەی سویسرادا دەبیننەوە

*** کە باسی فیدراڵیزم دەکەین، باسی پرۆسەیەکی گرنگ و ئاڵۆزی رێکخستنی پێکهاتە و نەتەوە و ئایینی جیاواز دەکەین لە ناو یەکەیەکی سیاسیی دیاریکراودا، ئایا ئەم پرۆسەی رێکخستنە چۆن سەرکەوتوو دەبێت ؟**

- کێنس وێر(Kenneth Wheare) لە کتێبە گرنگەکەیدا بەناوی (حکومەتی فیدراڵی) پێی وایە کە فیدراڵیزم چارەسەرێکی بەسوودە بۆ ئەو گرووپانەی کە خوازیارن چەند دەسەڵاتێکی دیاریکراو پێکەوە و هەندێکی تریش بەجیا بەڕێوە ببەن، فیدراڵیزم سەرناکەوێت ئەگەر بەشە جیاوازەکانی وڵاتێك بیانەوێت هەموو شتێك بەجیا و سەربەخۆیانە بەڕێوە ببەن یان بە پێچەوانەوە بیانەوێت هەموو شتێك بە یەکەوە بەڕێوەببەن لە حاڵەتی یەکەمدا ئامانجەکان بەرەو جیابوونەوە و دابەشبوونە بەڵام لەوەی دووەمدا بەرەو دەوڵەتێکی یەکگرتوو و یەك پارچەیە و دەوڵەتی فیدراڵی تا رادەیەك مەودایەکی ناوەندییە لە نێوان یەکێتیی تەواو و دابەشبوونی تەواو، لەنێوان دەوڵەتە یەکگرتووەکان و کۆنفیدراڵییەکان یان جۆرەکانی تری هاوپەیمانی جیهانی کە دەوڵەتە ئەندامەکان سەربەخۆیی تەواویان هەیە.

بە گشتی ئەوەی لێرەدا گرنگە جیاوازی رەگەزی و ئایینی و زمانەوانی و کەلتووری نییە، بەڵکو جیاوازی سیاسییە، بۆ نموونە سویسرا لەم لایەنانەوە هەمە جۆرە بەڵام هەموو گرووپەکان باوەڕیان وایە کە قازانج لەوەدایە کە لە هەندێ مەسەلەدا پێکەوە بن و لە هەندێکی تریشدا جیابن.

پاشان کێشە گەیشتن بە هاوسەنگییەکی گونجاو دەبێت دەربارەی دەسەڵاتە فیدراڵییەکان و یاسا و رێسا فیدراڵییەکان، بۆ ئەوەی هەر گرووپێکی سیاسی هەست بکات کە لەسەرتاپای سیستەمی حکومەتدا بەشدارە و رازی بێت بە دەسەڵاتەکان.

دووەم مەسەلەی گرنگ پێکهاتەی ئەو فیدراڵیزمەیە. سویسرا و بەلجیکا دوو نموونەی بە کەڵکن بەلجیکا بۆ دوو کۆمەڵگەی زمان و رەگەز جیاواز دابەش کراوە جگە لە هەرێمی برۆکس کە تاکە بەشە کە فیدراڵییەکەی بە زیندوویی هێشتۆتەوە و نەیهێشتووە ئەو دوو کۆمەڵگایە لە یەك جیا ببنەوە ئەم جۆرە سەرکەوتنە زۆر گران و سەختە ئەو رێککەوتنەی نێوان دەسەڵاتی سیاسی بەڕێوەبردنی ناکۆکی نەتەوەیی دەبێتە هۆکاری دروستبوونی پاڵنەرێکی بەهێز بەرەو نەتەوەپەرستی و لەپێناو مانەوە یان دەستکەوتی دەسەڵات لە رێی کۆمەڵگاکانەوە . بەڵام بە پێچەوانەی ئەم ئاراستەیە، سویسرا بۆ سێ هەرێم دابەش نەبووە کە هەریەکێکیان یان بە زمانی فەرەنسی یان ئەڵمانی یان ئیتاڵی قسە بکات، بەڵکو چەند هەرێمێك هەن کە بە زمانی ئەڵمانی و فەرەنسی قسە دەکەن، ئەمەش هێزێکی دینامیکی زۆر جیاواز دێنێتە بەرهەم کە سیستەمە فیدراڵییەکە بەزیندویی دەهێڵێتەوە و هیچ لایەنێکی سیاسیی ناتوانێت بەناوی کۆمەڵگایەکەوە قسە بکات کە زمانێکی سەربەخۆی هەبێت لەبەر ئەوە هیچ پاڵنەرێك نییە بۆ نەتەوەپەرستی لە پێناوی دەسەڵاتدا.



هەرێمە بچووکەکان لە هەندێ مەسەلەی دیاریکراودا پاڵپشتی یەکتر دەکەن ئەگەرچی بە زمانی جیاواز لە یەکتر دەدوێن، بە تایبەتی لەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە دسەڵاتە فیدراڵییەکان و ئەو کارانەی پێویستیان بە بڕیاری سیاسییەوە هەیە.

بە کورتی زۆر زەحمەتە سیستەمێکی فیدراڵی نەتەوەیی بەبێ کێشە بێت، وەك ئەو حاڵەتەی بەلجیکا دەریدەخات ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە بۆ داهاتووی عێراق ئەگەر عێراق دابەشبکرێت بەسەر تەنیا سێ هەرێمدا ئەویش لەسەر بنەمای نەتەوەیی یان ئایینی لەگەڵ ئەمەدا بەبێ چەند و چوون هانی

ئەو هەوڵانـــە دەدات کە بەرەو جیابوونەوە دەچن.بۆیە گرنگە ســـەرەتا دەستنیشـــانی ئەو بارودۆخە تایبەتییانە بکەین کە چیان لەگەڵ ئەوانی تردا هاوبەشە یان جیاوازە.

**دەوڵەتانی ئەوروپا دوای شکست بیریان لە یەکگرتن کردەوە ئەمەش بناخەی یەکێتی ئەوروپایە**

***فیدراڵیزم بە گشـــتی واتە پێکەوە ئارەزوومەندانە لە ڕێی گفتوگۆ و ڕێکەوتن بگەنە ڕێککەوتن لە کاتێکدا ناکۆکی لە نێوان پێکهاتەکانی وڵاتێك بۆ چەندین ســـەدە درێژە دەکێشـــێت، چۆن دەکرێت لە ڕێگای گفتوگۆ و ڕێککەوتنەوە ئەم پێکهاتانە یەکبگرن؟**

- فیدراڵیـــزم وەك هـــەر شـــێوازێکی دەوڵەت پەیوەنـــدی زۆری بە بەرژەوەندی هاوبەشـــەوە هەیـــە، چەند گرووپێك بەیەکـــەوە هاوبەندن، واتە چارەنووســـیان بەیەکەوە بەســـتراوە، تەنانەت ئەگـــەر نەیانەوێت و حەزیـــش بەیەکتر نەکەن، ئەگەر ئەم گرووپ و پارتانە هاوبەندی و هاو چارەنووســـییەك بکەن، کە لە بنچینەدا ڕەنگە ئابووری یان سەربازی و جیۆپۆلیتیك یان کلتووری و ئایینی بێت، ئەوکات دەزانن کە پێویستیان بە کۆمەڵە یاســـا و پەیڕەوێکی هاوبەش هەیە بۆ ئەوەی بڕیار لەســـەر چارەنووســـی هاوبەشی خۆیان بدەن، پێکەوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن، پێکەوە ڕووبەڕووی ئەو هەڕەشانە ببنەوە کە مەترسی لەسەر هەموویانە نەك ململانێی یەکتر بکەن و هەوڵی لە ناوبردنی گروپەکانی تر بدەن.

ئەگەر دان بە بەرژەوەندییە هاوبەشـــەکان بنرێت و هەستی پێبکرێت ئـــەوا گفتوگۆ و ڕێککەوتن ســـوودی دەبێت، بۆ نموونە فەرەنســـا و ئەڵمانیا بۆ چەندین ســـەدەیە دوژمنـــی یەکترن دوای جەنگی جیهانی دووەم چیتـــر وەك هێزێکی گەورە نەمانەوە، ڕژێمـــە ناوخۆییەکانیان و هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکانیان و تەنانەت سنوورەکانیشـــیان لە بنەڕەتدا بە گوێرەی ئەوەی کە سوپاکانی ڕووسیا و ئەمەریکا لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەم دەگەنە کوێ بڕیاری لەســـەر درا، هەمان لە دەستدانی پێگەی نێودەوڵەتی بەســـەر وڵاتە ئەوروپییەکانیشدا داهات، لە هەمان کاتـــدا تەکنەلۆژیای مۆدێرن پێویســـتی بە بازاڕی گـــەورە هەبوو بۆ ئەوەی بە باشترین شـــێوە کەڵکی لێ وەربگیرێت و سوودی بە دەوڵەتە کیشـــوەرییەکانی وەك ئەمەریکا و یەکێتی ســـۆڤییەت گەیاند، کەچی دەوڵەتە ئەوروپییەکان هەر یەکە هەوڵی مانەوەی لەسەر حیسابی ئەوانی تر دەدا تا ئەوکاتەی هەموویان شکســـتیان هێنا، تەنیا دەرفەت بۆ ئەو وڵاتانـــە بریتی بوو لە یەکگرتن، ئەمە بناغەی یەکێتی ئەوروپا بوو بۆ هێنانەدی سیاســـەتێکی نوێ و بەدەســـت هێنانەوەی ڕۆڵێکی سیاسی نێودەوڵەتی ســـەربەخۆو پاراســـتن و مســـۆگەرکردنی خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان بوو.

ئەگەر خەڵکی عێراق هەست بە هاوبەندی نێوانیان بکەن و دانی پێدا بنێن ئەوا دەکرێ هاوســـەنگییەکی فیدراڵی بەدەست بێت بۆ پاراستنی ئاســـایش و سەربەخۆیی خەڵکەکە لە جیاتی ئەوەی ببن بە دەسکەلایەك بەدەســـت یەکێك یان چەند لە وڵاتە دراوسێکان، هەروەها دەتوانن دەست بە قۆناغێکی نوێی گەشـــەپێدانی ئابووری بکەن و کەڵك لەو سامانە سروشتییە زۆرەی وڵات وەربگرن.

ئیســـرائیل و فەڵەســـتین لە هەمان ئەو بارودۆخـــەدان، هەموویان هاوبەندن لەگەڵ یەکتر بەڵام هێشـــتا ئامادەنین دانی پیابنێن و هەوڵی مومارەســـەکردنی ئەم هاوبەندییە بدەن کە بەشێوەیەکی کۆمەك کەری و دیموکراســـی بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێز لە بەرژەوەندییە بنچینەییەکانی هەر لایەنێك بگیرێت، ئەو کاتەی هەســـت بەم شتانە دەکەن کەوا جۆرێك لە ڕێککەوتنی فیدراڵیش هاتۆتە بەرهەم .

**ئەوانەی لە فیدراڵیزمدا شکستیان هێناوە دەستوورەکەیان تەنها لەسەر کاغەز بوونی هەبووە و کاریان پێنەکردووە**

*** مێژووی فیدراڵیزم هەر تەنیا بریتی نییە لە سەرکەوتن بەڵکو هەندێ وڵات هەن کە دوای دەیان ساڵ پێکەوە ژیان لە ژێر سیستەمی فیدراڵی لە یەکتر جیابوونەوە، وەك یەکێتی ســـۆڤیەتی جاران، یۆگســـلافیای.. هتد. بەڕای تۆ هۆکاری شکستهێنانی فیدراڵیزم چییە؟**

-ئێمە دەبێ فیدراڵیزمی ســـەر کاغەز و ئەو فیدراڵیزمەی جێبەجێ کـــراوە لێك جیا بکەینەوە، وڵاتە کۆمەنیســـتەکان دیموکراســـی نەبوون و بـــە تەواوی لە ژێر دەســـەڵاتی ڕژێمی تاکە حـــزب دابوون، هەروەها دەستوورە فیدراڵیزییەکانیان هەر تەنیا لەسەر کاغەز نووسرابوون، هەندێ شکستهێنانی تر پەیوەندی بەو سیستەمە فیدراڵییانەوە هەبوو کە لەسەر بنەمای دەوڵەتێکی زاڵ و هەندێکی بچووکتر بنیادنرا بوون کە ئەمەش هەمیشە جۆرە هاوبەندیەك دەبێت کە بە زەحمەت درێژە دەکێشێت .

تەنانەت ئەگەر لەســـەر بنەمای ڕێککەوتنی فیدراڵیش بێت، کاتێك گـــرووپ و لایەنەکان کە ئەو فیدراڵییانەیان پێك هێناوە هەســـت دەکەن پێویســـتیان بەوە نییە کـــە بە یەکەوە دەســـەڵات و کاروبارە گرنگەکان بەڕێوەببـــەن ئەوا هەوڵی جیابوونـــەوە دەدەن، زەحمەتە لە کێشـــەکانی سیســـتەمی فیدراڵی بەلجیکا تێبگەین بەبێ ئـــەوەی ووردببینەوە کە زۆربەی دەسەڵاتە فیدراڵییەکان ئێستا دەسەڵاتی یەکێتی ئەوروپایە.

**لە فیدراڵیزمدا یەکسانی هەیە نابێت هیچ لایەک ڤیتۆی هەبێت**

*** چەندین نموونەی فیدراڵیزمی سەرکەوتووش هەیە، وەك بەلجیکا و هیندســـتان و کەنەدا و سویســـرا..هتد، لێرەدا دەمانەوێت بزانین ئایا هۆکارەکانی ئەم سەرکەوتنە لە چی دایە؟**

- هەریەك لەم حاڵەتانە جیاوازە، گرنگترین شـــت یەکخستنێکی مام ناوەندیی هێز و دەســـەڵاتەکانە بۆ هەموو ئەو گرووپانەی کە بەشدارن، ئەمە پرۆسەی پەسەندکردن و گۆڕینی دەستووری فیدراڵیش دەگرێتەوە کـــە دەبێت نە بـــە تێکڕایی دەنگ بێت و نە تەنیـــا بە زۆرینەش بێت، هیچ گرووپێك نابێت مافی ڤیتۆی لەسەر داهاتوو و کێشە هاوبەشەکان هەبێـــت، ئەگەر نا مافی ڤیتۆیەك لە ئـــارادا نامێنێت، تەنانەت نابێت مافی ڤیتۆ لەسەر دەسەڵاتە فیدراڵییەکانیش دا هەبێت.

فیدراڵی یەکێتیەکـــە لە نێوان خەڵك و دەوڵەتەکان، بۆیە هەمیشـــە ئەنجوومەنێکـــی یاســـادانانی هەیە کە لـــە دوو ئەنجوومەن پێك دێت، یەکێکیـــان نوێنەرایەتـــی خەڵکەکـــە دەکات و بە گوێـــرەی ژمارەی دانیشـــتووان هەڵدەبژێردرێت، ئەوەی تریان ژمارەی دەوڵەتە ئەندامەکان دەنوێنێت کە هەمیشـــە نوێنەری یەکسانیان هەیە و ئەمەش لە قازانجی دەوڵەتـــە بچووکەکاندایە، دەنگی لایەنگیریی هەردوولا ئەوە دەگەیەنێت کە زۆرینـــەی خەڵك و دەوڵەتەکان دەتوانن یاســـایەك یـــان بڕیارێکی پێشکەشکراو پەســـەند بکەن. لایەنێکی تر هاریکارییە، هەموو دەوڵەتە فیدراڵییـــەکان هەندێ سیســـتەم لە خۆ دەگرن بۆ پاراســـتنی دووبارە دابەشبوونەوە کە لە نێوان دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان و هەژارەکان ڕوودەدات، بودجەی فیدراڵی بە گوێرەی دەوڵەتە ئەندامەکان و ئەو دەســـەڵاتانەی دراوە بە فیدراڵییەکە زیاد و کەم دەکات، بەڵام پشکی بودجەی فیدراڵی هەمیشە دەچێتەوە حاڵەتی هاریکاری.

ئەگەر فیدراڵیزمەکە پشـــت بەو دەوڵەتانە ببەستێت کە خاوەن داهاتی ســـەرەکین، ئەوا مانەوەی ئەم فیدراڵییە دەکەوێتە بەر مەترسی هەموو گرووپەکانی ناو حکومەت بۆیە دەبێت بەشێکی ڕاستەوخۆیان لە داهاتی باجدا هەبێت.

وەك (کەنـــەس وێر) دەڵێـــت، فیدراڵیزم سیســـتەمێکی حکومەتی

**زەحمەتە سیستەمێکی فیدراڵی نەتەوەیی بەبێ کێشە بێت، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە بۆ داهاتووی عێراق ئەگەر عێراق دابەشبکرێت بەسەر تەنیا سێ هەرێمدا**

هاوپلەکراوە کە هەر گرووپێك لەم حکومەتەدا لە ئاست دەسەڵاتەکانی خۆی سەربەخۆیە.

*** ئەگەر فیدراڵیزم ڕێگەیەکی ئارەزوومەندانە بێت بۆ یەکگرتوویی وڵاتێك، دەبێت نەهێشتنی ئەم سیستەمەش هەر ئارەزوومەندانە بێت، ئێستا فیدراڵیزم ڕێگەیەکی ئارەزوومەندانەیە بۆچی کراوەتە بەبەرستێك لە بەردەم عێراقییەکان؟**

- عێراقییەکان رووبەڕووی ئەرکێکی قورس بوونەوەتەوە، ئەویش بونیادنانەوەی وڵاتەکەیانە بەبێ زاڵبوون بەسەر توندوتیژییەکان، ئاسایشی هاووڵاتییان زامن نابێت، هەروەها هیچ هیوایەکیش بۆ دیموکراسییەت دروست نابێت و عێراق لە رابردوودا بە هۆی رژێمێکی دیکتاتۆرییەوە بە یەکگرتوویی مابۆوە.

هەموو وڵاتێك بۆ کۆنترۆڵ کردنی خاکی خۆی پشت بە چەند دەزگا و سیستەمێك دەبەستێت لە رژێمی دیکتاتۆریشدا ئەو دەزگایانە بریتین لە دەسەڵات و سوپا ئەم دووانە لە عێراقدا رووخان دوای دەستدرێژی کردنی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق ئەمەش بووە هۆی رووخانی تەواوی دەوڵەت و نەمانی کۆنترۆڵ بەسەر ناوچەکان و پەیدابوونی گرووپی نیمچە سوپایی و تێکچوونی باری ئاسایشی عێراقییەکان، چەند ساڵێك تێپەریوە و ناکۆکییە ئایینی و نەتەوەییەکان قووڵتر بوونەتەوە، یان بە لایەنی کەم بوونەتە هۆی هاندانی چەند گرووپێکی سیاسی بۆ قۆستنەوەی ئەم ناکۆکییانە.

لەگەڵ ئەوەشدا عێراقییەکان ناتوانن خۆیان لە چارەسەرکردنی هەندێ کێشەی قورس لابدەن یەکەم، ئایا دابەشبوونی عێراق بەسەر سێ یان زیاتر لە دەوڵەتی سەربەخۆ کارێکی کردەنی و واقیعییە؟ بێگومان نەخێر هەر یەك لەم دەوڵەتانە زۆر بچووك دەبێت و لەسەر ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پشت بە ئاسایش و سامانی خۆی دەبەستێت، ئەمەش دابەشبوونی عێراق ئاسان ناکات هەر یەك لەم دەوڵەتانەش دەبێتە نێچیر یا دەسکەلا بە دەست وڵاتێکی دراوسێوە.

دووەم، ئایا دەوڵەتێکی عێراقی دەتوانێت سەربەخۆیی (کۆتایی هێنان بە بوونی هێزەکانی بێگانە یان دزە کردنی بێگانە) خۆی بگێڕێتەوە و، هەروەها ئاسایشی خەڵکەکەی و گەشەپێدانی ئابووری مسۆگەر بکات؟ ئەمەش کارێکی زۆر سەختە، بەڵام هێشتا رێی تێ دەچێت دەوڵەت ئەگەر پارچە پارچە نەبێت.

سێیەم: ئایا چ جۆرە دەوڵەتێك یارمەتیدەر دەبێ بۆ پێشڤەچوون بەرەو ئەم ئاراستەیە؟ سیستەمی فیدرالی پێی دەچێت وەسیلەی بەسوود بێت، فیدرالی دەتوانێت جیاوازییە ئایینی و نەتەوەییەکان بە پێدانی ئۆتۆنۆمی بە هەرێمەکان رازی بکات، ئەمە رەنگە هەموو گروپەکان یەکبخات بۆ هاوکاری کردنی یەکتر لە ئەنجامدانی گرنگترین هەنگاو کە بریتییە بە دروستکردنەوەی مۆنۆپۆلێکی کاریگەری هێزی نیشتمانی، هاوڵاتیان بەبێ زامن بوونی ئاسایش بڕوا بە دەوڵەتەکەیان ناکەن ئەوکاتەش هیچ پلانێکی درێژخایەن و وەبەرهێنانی بیانی و گەشەپێدانی ئابووری روونادات.

*** دابەشکردنی دەسەڵات یەکێکە لە توخمەکانی فیدرالیزم، ئەگەر دیموکراسی لەگەڵ وڵاتێکدا نەگونجا پێت وایە دابەشکرنی دەسەڵات سەردەگرێت؟**

- فیدراڵیزم و دابەشکردنی دەسەڵاتی پێویستیان بە دیموکراسییە، من پێم وایە هیچ وڵاتێك نییە شێوە بیردۆزێکی دیموکراسی لەگەڵیدا نەگونجێت، هەندێ لە نووسەرە رۆژئاواییەکان پێیان وایە کە لەبەرئەوەی وڵاتە رۆژئاواییەکان خاوەن شارستانییەتێکی پلە بەرزترن بۆیە ئەوان

**فیدراڵیزم پێویستیان بە کۆمەڵە یاسا و پەیڕەوێکی هاوبەش هەیە بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر چارەنووسی هاوبەشی خۆیان بدەن**

دیموکراسییان داهێنا، ئەمە رێکەوتنێکی مێژووییە کە رەنگە لەژێر هەندێ هەلومەرجی تایبەتدا لەشوێنێکی تردا رووی بدابوایە، ئیسلام لە هەندێ سەردەمانی مێژوو زۆر لە ئایینی مەسیحی لێبووردەتر بووەهەرچەندە ئەگەر لەم رۆژگارە وا دەرناکەوێت، هەروەها سوودی سیاسی لەئاییندا زیاتر لەناو وڵاتە ئیسلامییەکاندا باوە وەك لەوەی لە وڵاتە مەسیحییەکاندا باوبێت.

دیموکراسی پێویستی بەیارمەتی ئابووری نییە، بۆنموونە هیندستان وڵاتێکی هەژارەو بۆ چەند دەیەکە سیستەمی دیموکراسی پەیڕەو دەکات، مانەوەو بەرگەگرتنی دیموکراسی هیندی پەیوەندییەکی زۆری بە فیدراڵیزمەوە هەیە، ئەگەر دیموکراسیەتێك نەتوانێت ئەوەی پێویستە بیکات ئەوا خەڵکی بەزۆری رژێمێکی تر تاقی دەکەنەوە و پشتگیری گۆڕانی رژێمی دیکتاتۆری دەکەن، بەڵام لە سیستەمی فیدراڵی دا ئەم کارە زۆر سەختە، چونکە ئاستی دیموکراسی هەیە لە حکومەتدا،ئەمەش بۆ هەرلایەنێکی سیاسی سەخت دەبێت بۆ دەست بەسەرداگرتنی هێزی هەردوو ئاستەکە لەپێناو گۆڕینی رژێمێك، فیدراڵیزم لەحاڵەتی ناخۆش و دژواردا زۆر یارمەتیدەرە بۆ پارێزگاری کردن و مانەوەی دیموکراسی.

سەرەڕای ئەمەش، فیدراڵیزم زۆر بەسوودە بۆ مسۆگەرکردنی حوکمی یاسا و پاراستنی مافی خەڵك، بڕیاری دادگەری هەمیشە یان لایەنگری فیدراڵییە یانیش دەوڵەتی، هەروەها بەردەوام پاڵپشتی لایەکیان مسۆگەر دەکات،ئەمەش رۆڵێکی گرنگ بە دەسەڵاتی دادگەری دەبەخشێت و زیاتر لەدەوڵەتە یەکگرتووەکان سەربەخۆتر دەبێت، چونکە حکومەتە مەرکەزییەکان هەمیشە هۆگەلێك دەبیننە بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان بەسەر دادگەرییەوە هەبێت.

*** ئەگەر فیدراڵیزم لەعێراقدا شکست بێنێت، ئایا پێت وایە کۆمەڵگەی جیهانی لێبگەڕێ عێراق دووبارە ببێتەوە بە رژێمێکی دیکتاتۆری؟ ئەگەر دیکتاتۆری کۆتایی شتێك دەبێ بۆ عێراق، پێت وایە کۆمەڵگای جیهانی دابەشبوونی عێراق قەبوڵ دەکات؟**

- هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە عێراقدان پێگەی ئەمەریکا لەجیهان و رای گشتی ناوخۆیی لە ئەمەریکا لێناگەڕێن هیچ سەرۆکێکی ئەمەریکا دان بەدۆڕان بنێت لەعێراقدا بۆیە رژێمێکی تری دیکتاتۆری سیناریۆیەکی مەحاڵە، هەمان شت بۆ دابەشبوونی عێراق هەر مەحاڵە گروپ و لایەنە جیاوازەکانی عێراق ئەو کاتە پێویستیان بەدروستکردنی بارێکی وەها خراپ هەیە کە سەرۆکێکی ئەمەریکا هێزەکان لە عێراق بکشێنێتەوە، ئەمەش بەدڵنیاییەوە لەبەرژەوەندی خەڵکی عێراقدا نابێت، خراپکردنی بارودۆخەکە بە ئەنقەست هەمیشە وەك ستراتیژییەکی خۆبەزێنە، چونکە خەڵکەکە ئازاری ئەنجامەکانی دەکێشن و رێزو دەسەڵات و رەوایی سەرکردایەتی هەرەس دێنێت،ئەمەش دۆزینەوەی رێگە چارە قورس تر دەکات و تەنها ئازارەکانی خەڵکی زیاتر دەکات، هیچ کەسێك لەجیهاندا بەتەواوی سەربەخۆیان تەنیا نییە، بۆ بڕیاردان لەسەر هەر شتێك دەبێت وردبینەوە لە رابردوو و سنووری ئەگەرەکانی ئەگەرچی هەمیشە حەزیش بکەین بەتەواوی ئازاد ببین، عێراقییەکان لەسەدا سەد ئازاد نین و پێویستە لەرابردووی جیۆپۆلەتیکی و سنوورەکان ئەگەرەکان بکۆڵنەوە، من بڕوام وایە کە وەها لێکدانەوەیەك نیشانەی ئەوەیە کە دروست کردنی دەوڵەتێکی فیدراڵی بەهێزێکی نیشتمانی سەقامگیرەوە باشترین هەلە بۆ عێراقییەکان بۆ بەدەست هێنانی ئاسایش و سەربەخۆیی و هەلی گەشەپێدانی ئابووری، لەم حاڵەتەدا دەتوانن پاڵپشتی زیاتری نێودەوڵەتی بەدەست بهێنن وەك لە هەر حاڵەتێکی تردا.



# جیهان پێشوازی لە سیاسەتی لۆژیکانەی هەرێمی کوردستان دەکات
# تورکیاش نایەوێت لەوە زیاتر دوابکەوێت

چەند مانگێك لەمەوپێش پەیوەندییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و توركیا نەك هەر لێكحاڵینەبوونی پێوە دیاربوو، بەڵكــو توركیا ســنوورەكانی هەرێمی كوردستانیشـــی بەزانــد، خاوبوونەوەی ئەم گـــرژی و ئاڵۆزییە تەنها لە ماوەی چەند مانگێكدا بەو ئاســـتەی ئێستا میدیاكانی توركیا باس لە پەیوەندی سیاســـی و دبلۆماتی لەگەڵ هەرێمی كوردســـتان دەكەن و ئەم هەنگاوەش بە كارێكی ئاســـایی دەبینن و، ژەنەراڵەكانی سوپاش كە لە توركیا لە حكومەت باڵادەســـترن، وەرچەرخانێكی ئیجابییەو بە گەرمی پێشوازی لێدەكرێت.

هەرێمـــی كوردســـتان لەمێـــژە هەوڵـــدەدات تەواوی دراوسێكانی بەگشتی و توركیاو بەتایبەتی لەو راستییە دڵنیا بكاتەوە، كە سیاســـەت و ســـتراتیژی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ بونیادی دیموكراسی و رێزگرتنی مافەكانی مرۆڤ و رێزگرتنی یاسایە نێودەوڵەتییەكانە و مامەڵەی دراوسێكانە لەسەر بنەمای رێزو بەرژەوەندی هاوبەش بنیات نراوە.

سیاسەت و ستراتیژی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەسەر بنەمای رێزو بەرژەوەندی هاوبەش بنیات نراوە

ئەم هەنگاوانەی حكومەتی هەرێمی كوردستان كە توركیا بە نیگەرانییەوە سەیری كردبوو كە ببووە هۆی سەرچاوەی ئاڵۆزی لە پەیوەندییەكانی نێوان هەولێرو ئەنقەرەدا، بەڵام بەســـووربوونی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەسەر ئەو سیاســـەتەی كە بڕوای پێی بوو، توانی سەرنجی جیهان بەلای خۆیدا رابكێشـــێت و هەموو دەوڵەتە گەورەكانی جیهان بەتایبەتی فەرەنساو رووسیاو بەریتانیاو ئەمەریكا نەك هەر ئامادەباشـــیان بـــۆ پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی كوردســـتان پیشـــاندا، بەڵكو هەموو بە خۆشـــحاڵییەوە ئامادەبوون كە شـــان بەشانی ئاڵای وڵاتەكەیان و ئاڵای عێراق، ئاڵای كوردستانیش لەو كونسڵخانانە بشەكێننەوە كە لە هەولێر كردوویانەتەوە.

ئەو پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەی كە هەرێمی كوردستان لەگەڵ توركیا هەیەتی، توركیای والێكردووە دان بە حكومەتی هەرێمی كوردستاندا بنێت

## توركیا ئامادەیە دان بە حكومەتی هەرێمی كوردستاندا بنێت

پرۆفیســـۆر كەمال كرزچی كە یەكێكە لە پسپۆرەكانی سیاســـەتی دەرەوەی توركیـــاو ئوســـتادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكانە لە زانكۆی یۆزاگی لە لە ئەستەنبوڵ، لە لێدوانێكی تایبەتدا بۆ ئەم راپۆرتەی گوڵان راشكاوانە ئەوەی خســـتەروو كە توركیا ئامادەیە فیدراڵی هەرێمی كوردستان قبووڵ بكات و ئامادەشە حكومەتی هەرێمی كوردســـتان وەك حكومڕانێكی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا بناسێت.

پرۆفیســـۆر ئیحســـان باڵیش كە یەكێكە لە نووســـەرە بەناوبانگەكانـــی توركیـــاو ستوونووســـی رۆژنامەی زەمان تـــودەی توركیا كـــە بە زمانـــی ئینگلیزی لە توركیا دەردەچێت، ئەویش بۆ گوڵانی دووپاتكردەوە كە ئـــەو پەیوەندییە بازرگانـــی و ئابوورییەی كە هەرێمی كوردستان لەگەڵ توركیا هەیەتی، توركیای والێكردووە دان بە حكومەتی هەرێمی كوردستاندا بنێت.

بێگومان دانپێدانان و ناســـاندنی توركیا بە حكومەتی هەرێمی كوردستان، بۆ هەرێمی كوردستان زۆر گرنگە، راستە پێش توركیا هەموو جیهان بەگشتی و دەوڵەتانی ئەندامی هەمیشـــەیی ئەنجوومەنی ئاسایش و نەتەوە یەكگرتـــووەكان وەك حكومەتێكـــی هەرێمی فیدراڵی دانیان بە حكومەتی هەرێمی كوردســـتاندا ناوە، بەڵام گرنگی توركیا لەوەدایە، ئەم تەفەهومەی توركیا دەبێتە هۆكاری كردنـــەوەی چەندین گرێی ئاڵۆزی دیكە، كە پێشتر توركیا ئامادەنەبوو بە رێگەی دانوستاندن گوێی بۆ بگرێت.

بەرژەوەندی حكومەتی بەغداو حكومەتی هەولێر و حكومەتی ئەنقەرە لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل یەكدەگرنەوە

## دەســـپێكی وتووێـــژەكان هەنـــگاوی ئیجابییانەتـــری بەدوادادێت

یەكێك لە لایەنە ئیجابییەكانی سیاســـەتی لۆژیكانەو سەركەوتنی ئەوەیە كە هەردوولایەن خۆیان بە براوە دەزانن و هەوڵدەدەن رێگەچارەی گونجاو بۆ چارەســـەركردنی كێشەكان بدۆزنەوە.

هەربۆیە كاتێك حكومەت و ســـوپای توركیا گەیشتۆتە قەناعەت كە بێجگە لە سیاسەتی راشكاوانەو دەسپێكی دیالۆگـــی راســـتەوخۆ، هیـــچ رێگەچارەیەكی دیكە ســـوودی نییە، ئەمە خۆی لە خۆیدا ســـەركەوتنە بۆ سیاســـەتی حكومەتی توركیاو بەرەوپێشتەوەچوونییەتی لەسەر ئاستی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. ئەم هەنگاوە بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستانیش سەركەوتنێكی گەورەیە لەبەر ئەوەی دۆســـتێكی دیكەی گرنگی دراوسێتی و هەرێمی بـــۆ زیاد دەبێـــت و دەروازەیەكی گەورەش بە روویدا دەكرێتەوەو پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەكانی نێوان هەردوولاش دەگەنە قۆناغێكی باڵاترو بەرژەوەندی هەر ســـێ لاش»حكومەتی بەغداو حكومەتی هەولێر و حكومەتـــی ئەنقەرە» لـــە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل یەكدەگرنەوەو پاراســـتنی ئەم بەرژەوەندییانەش هەر سێ لا لە بازنەیەدا كۆدەكاتەوە.

بۆ زیاتر هەڵســـەنگاندنی ئەم لایەنـــە گرنگە، گوڵان ئەم باســـەیان لەگەڵ كۆمەڵێك رۆژنامەنووس و پسپۆر لە سیاســـەتی دەرەوەی توركیا تاوتوێكـــردووە. ئەوەش زیاتـــر بۆچوونەكانی دەوڵەمەندكردووە كە ســـێیان لەو پسپۆرانەی بەشداری ئەم راپۆرتەیان كردووە، (تورك)ن و لە روانگەی حكومەت و گەلی توركیاوە بارودۆخەكە هەڵدەسەنگێنن.

پرۆفیسۆر ریچارد هێرمان: ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی ئۆهایۆ بۆ گوڵان:

# بەرەوپێشەوەچوونی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی تورکیا دەسپێکی قۆناغێکی تازەیە



**ئەگەر تورکیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئاسایی بکاتەوە پێگەیەکی باشتری لە یەکێتی ئەوروپادا دەبێت**

***دوای گرژی و ئاڵۆزییەکی زۆر لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، ئێستا هەست بە وەرچەرخانێکی ئیجابی دەکرێت، ئایا ئەم بەرەوپێشەوەچوونە چۆن دەخوێننەوە ؟**

- ئەمە بەرەوپێشچوونێکی ئیجابییە و ئاماژەی ئەوەیە کە هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی تورکیا خوازیاری کۆتایی پێهێنانی شەڕو توندوتیژی و دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسیی بۆ سەقامگیرکردنی بارودۆخەکە.

***ئەگەر تورکیا سیاسەتی خۆی بەرامبەر هەرێمی کوردستان بگۆڕێت، لە بڕی ئەوەی بەرهەڵستی بکات، ئایا تورکیا لە رووی سیاسی و ئابوورییەوە دەستکەوتی باشتر بەدەست ناهێنێت؟**

- رەنگە هەندێ پشتگیری لە وڵاتانی ئەوروپاوە بەدەست بهێنێت، هەموو وڵاتانی دراوسێ وەك ئێران و تورکیا و سعودیە خوازیارن عێراق بە یەکپارچەی بمێنێتەوە، ئەگەرچی عێراقێکی فیدراڵیش بێت، بەڵام تەنانەت هێشتا ناکۆکی لە سەر دەسەڵاتی هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکان هەیە و ئەمەش وادەکات بەستنی هەر پەیوەندییەك لەگەڵ عێراقدا لەلایەن تورکیاوە هێشتا جێگیر نەبێت لەبەر ئەوەی مەسەلەی گرنگ و سەرەکی ئاوێتەکردنی کوردستانە لە چوارچێوەی عێراقدا، هەتا بارودۆخەکەش روون نەبێتەوە ئەوا ئەو نیگەرانییەی تورکیا هەر دەمێنێت.

***ئەگەرتورکیا هەوڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان وبنیاتنانی پەیوەندیگەلێکی ئابووری بەهێز لەگەڵ عێراقدا بدات، دەبێت سەرەتا تورکیا پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دابمەزرێنێت. هەرێمی کوردستانیش بەم هەنگاوە خۆشحاڵ دەبێت، ئایا تا چەند تورکیا ئامادەیە ئەم هەنگاوە بنێت؟**

- تورکیا بەرژەوەندی هەیە لە بوونی پەیوەندیگەلێکی سیاسی و ئابووری لەگەڵ عێراقدا و بەرهەڵستی سەرهەڵدانی کوردستانێکی سەربەخۆ دەکات لە عێراق یان لە تورکیادا، تا ئەو کاتەی کوردەکانی عێراق هەوڵی دروستکردنی پەیوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ تورکیادا بدەن و کۆشش نەکەن بۆ جیابوونەوە لە عێراق ئەوا پەیوەندییەکانی کوردستان و تورکیا کەمتر دووچاری کێشە و گیروگرفت دەبێت. من نازانم چۆن تورکیا پەیوەندیگەلێکی ئاسایی لە گەڵ کوردەکانی عێراقدا دەبێت لە کاتێکدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردەکانی وڵاتەکەیدا ئاسایی نەبێت. تاوەکو بزوتنەوە جوداخوازەکان لە تورکیادا بمێنن ئەوا پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا زۆر باش نابێت.

***ئایا ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان نابێتە هۆی یارمەتیدانی تورکیا بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا؟**

- سەرەتا دەبێت تورکیا پەیوەندییەکی باش و سەرکەوتووی هەبێت لەگەڵ کوردەکانی وڵاتەکەیدا، ئەوەی پەیوەندی بە بوونی تورکیاوە هەبێت بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا، ئەوا چەند کێشەیەك هەن کە گرفت دروست دەکەن، یەکەمیان بریتییە لە چۆنییەتی مامەڵەکردنی تورکیا لەگەڵ کوردەکانی تورکیادا و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، هەروەها لایەنێکی دیکە مەسەلەی ئابوورییە، لەبەر ئەوە ئەگەر تورکیا پەیوەندیگەلێکی باشی لەگەڵ کوردەکانی وڵاتەکەیدا دروست بکات و رێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت، ئەوا هێشتا مەسەلە و کێشەی ئابووری دەمێنێت. بەڵام ئەگەر تورکیا بەردەوام بێت لە سەر هێرش و دەستێوەردانی تورکیا بۆ ناوچە کوردییەکەی عێراق، ئەوا هەڵوێست و پێگەیەکی باشی نابێت لەناو وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکادا.

*** تورکیا یەکێکە لە دەوڵەتە دراوسێ گرنگەکانی عێراق، کەواتە چاوەڕێ دەکرێت تورکیا رۆڵێکی فراوانتر ببینێت لە عێراقدا بە تایبەتی لە بواری ئابووری و کاردا، بەڵام بە داخەوە هەست بەو رۆڵەی تورکیا ناکەین، بۆچی تورکیا هەڵناستێت بە بینینی رۆڵێکی کاریگەر و ئیجابی لە عێراقدا؟**

- ئەو پەیوەندییانە بە هۆی بوونی پرسی کوردەوە ئاڵۆز بوونە و من لە گەڵتاندا هاوڕام کە تورکیا دەوڵەتێکی گرنگە بۆ عێراق و ئایندەی عێراق و دەکرێت ببێتە شەریکێکی گرنگ بۆ حکومەتی عێراق و من پێموایە هەردوو حکومەتی عێراق و تورکیا بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە لە رووی مانەوەی کوردەکان لە چوارچێوەی عێراقدا، هەروەها بەرژەوەندییە ئابوورییەکان کە حاڵی حازر بە هۆی نارۆشنی ئایندەی عێراق و سەقامگیری کوردستانی عێراقەوە بە باشی بەرەوپێشەوە نەچوونە.

***هەمیشە تورکیا لە دوای دەوڵەتەکانی ترەوە بووە بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ هەولێردا، بۆچی تورکیا هەوڵ نادات سوود لەو هەموو دەرفەتە وەربگرێت کە لە هەرێمی کوردستاندا هاتۆتە پێش؟**

- رەنگە تورکیا پێی وابێت دەستکەوتگەلێکی دارایی گەورە بەدەست ناهێنێت لە کوردستاندا و لە بری ئەوە لە پەیوەندی وڵاتەکەی بە کوردەکانەوە نیگەرانە و نایەوێت کارێك بکات ببێتە هۆی جۆشدانی هەستی جوداخوازی کوردەکانی تورکیا.

**پرۆ فیسۆر ریچارد هێرمان ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ئۆهایۆ و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا و کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەبارەت بە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی تورکیا پەیوەندیمان بە پرۆ فیسۆر ریچارد هێرمان کرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

پرۆفیسۆر کەمال کرزچی ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پسپۆڕ لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بۆ گوڵان:

# تورکیا دان بەو راستیەدا دەنێت و قبوڵیشی دەکات کە هەرێمی فیدراڵی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا جێگیربووە

پرۆفیسۆر کەمال کرزچی نەك تەنیا وەك ئەکادیمییەك بەڵکو دیپلۆماتیکیشی لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و بە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا و رۆڵێکی بەرچاو و دیاری هەیە.
پرۆفیسۆر کرزچی بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ئەوروپییە لە زانکۆی بوزگی لە ئەستەنبوڵ و یەکێکە لە ئەندامانی unhcr و چەندین خولی مەشق و راهێنانی بۆ بەرپرسانی وەزارەتی ناوخۆی تورکیا بەڕێوەبردووە، هەروەها لەسەر کێشەی کوردیش لە تورکیا پسپۆڕ و تایبەتمەندە و کتێبێکی بەناونیشان (مەسەلەی کورد و تورکیا) هەیە و لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیاش کتێبێکی هەیە بەناونیشان (سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا و تەحەدییەکانی).
سەبارەت بە ئاراستەکانی خابوونەوەی تەنگژەکان و بەرەوپێشەوەچوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان پرۆفیسۆر کرزچی رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.



### پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەو پێشەوە چووە

***دەزگاکانی راگەیاندنی تورکیا باس لەوە دەکەن کە سەرۆك وەزیرانی تورکیا لە هەفتەی داهاتوودا سەردانی عێراق دەکات، چۆن ئەم سەردانە هەڵدەسەنگێنیت و تێڕوانینتان چییە لەسەر کۆبونەوەی لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستاندا؟**

- ئەو سەردانە هەنگاوێکی زۆر گرنگە و پێموایە ئێوەش هاوڕان لەگەڵمدا، هەروەك دەزانین لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و حکومەتی تورکیا لەگەڵ باکووری عێراقدا بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەوپێش چووە. ئەم هەنگاوەش جێی سەرسوڕمانە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو زمان و هەڵوێستەی هەردوولایان بەرامبەر یەك هەیان بوو لە کاتی دەستێوەردانە سەربازیەکەی تورکیادا. خاڵێکی گرنگی تر بریتی بوو لەو شێوەیەی کە تورکیا ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی پێ جێبەجێکرد کە ئۆپەراسیۆنێك بوو زۆر بە وریای و حەزەرەوە جێبەجێ کرا کە پێدەچوو هەموو لایەنەکان، لایەنی عێراق و کورد و تورکیا دەیانتوانی هاوکاری یەکتری بکەن. ئەمەش کەشێکی ئیجابی خوڵقاند.

### ئەگەر ئەردۆگان سەردانی هەولێر بکات کە پایتەختی هەرێمێکی فیدراڵیە ئەوا سەرنجێکی زۆر بە لای خۆیدا رادەکێشێت

***ئەو دیدارە چاوەڕوانکراوە لە بەغدا بکرێت یان لە هەولێر ئەوا سەرکردە سیاسییە کوردەکان بە گەرم و گوڕییەوە پێشوازی لەم هەواڵە دەکەن، بۆچی بەڕێز ئەردۆگان راستەوخۆ سەردانی هەولێر ناکات، بە چەشنی دیك چینی و کوندولیزا رایس و رامسفیلد و بەرپرسەکانی بەریتانیا و فەرەنسا پێتوانیە پێویستە ئەردۆگان ئەو دەست پێشخەرییە بکات؟**

- دەبێت بەڕێز ئەردۆگان زۆر باش ئاگاداری هاوسەنگییەکانی ناو تورکیا بێت، لەبەر ئەوەی لە تورکیادا وەك دەوڵەتێکی یەکگرتوو و یەکپارچە لە عێراق دەڕوانرێت. لە رابردوودا مەترسی و نیگەرانی هەبوو لە بارەی فیدراڵییەتی عێراقەوە، لەبەر ئەوەی مەترسی ئەوە هەبوو کە دەوڵەتێکی فیدراڵی کوردی سەرهەڵبدات و دروست بێت. ئێستا ئەوە بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕاوە. من گومانم هەیە لەوەی لە رێی بەغداوە سەردانی هەولێر بکات، لەبەر ئەوەی تورکیا وەك دەوڵەتێکی یەکگرتوو لە عێراق دەڕوانێت، بەڵام ئەگەر سەردانی هەولێر بکات کە پایتەختی هەرێمێکی فیدراڵییە ئەوا سەرنجێکی زۆر بە لای خۆیدا رادەکێشێت. من لە یادمە کاتێك وەزیری دەرەوەی سوید سەردانی تورکیای کرد راستەوخۆ سەردانی دیاری بەکری کرد لە بری ئەنقەرە، ئەمەش تەواو تورکیای توڕە و بێزار کرد، ئەوەش گرژی و ئاڵۆزییەکی بەرچاوی لە نێوان تورکیا و سویددا دروست کرد، کە دواتر ئەو پەیوەندیانە بەرەو باشتر چوون.

### تەنها شەش مانگ پێش ئێستا چەند لایەنێکی دیاری کراوی ناو تورکیا دژی ئەم ئاراستەیە بوون

*** ئەگەر تورکیا هەوڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان و بنیاتنانی پەیوەندیگەلێکی ئابووری بەهێز لەگەڵ عێراقدا بدات، دەبێت سەرەتا تورکیا پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دابمەزرێنێت. هەرێمی کوردستانیش بەم هەنگاوە خۆشحاڵ دەبێت، ئایا تا چەند تورکیا ئامادەیە ئەم هەنگاوە بنێت؟**

- ئەمانە پرۆسەگەلێکی ئاڵۆزن، دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە تەنها شەش مانگ پێش ئێستا چەند لایەنێکی دیاری

کراوی ناو تورکیا دژی ئەم ئاراستەیە بوون و تا دوا رادە رەخنەگر بوون لە ئیدارەی کوردستان، بەڵام چەند لایەنێکیش هەبوون کە پێیان وابوو دەبێت پەرە بە پەیوەندیگەلێکی باش و بنیاتنەرانە و پڕ لە هاوکاری بدەن لەگەڵ ئیدارەی کوردستاندا، لەگەڵ ئەوەشدا پێیان وابوو دەبێت کوردەکان نییەت پاکی خۆیان دەرببڕن، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە کێشەی پەکەکەوە. من پێم وایە لە ماوەی شەش مانگی رابردوودا کوردەکان توانیویانە ئەو نییەت پاکی و باشییە بسەلمێنن و ئەگەر سەرۆك وەزیران سەردانی ئیدارە کوردییەکە بکات،، ئەوا ئەو سەردانە تا رادەیەکی گەورە بۆ ئەو هەنگاوانە دەگەڕێتەوە کە ئیدارەی کوردی هەڵی گرتوون لە پەیوەندیدا بە کێشەی پەکەکەوە. تاوەکو کوردەکان هەنگاوی زیاتر بنێن بۆ کۆنترۆڵکردنی جموجوڵەکانی پەکەکە، ئەوا ئەو پەیوەندیانە زیاتر دەچنە ئاستێکی باڵاوە و ئەوەش کاراتێکی بەهێزتر دەدات بەو دامەزراوانەی تورکیا کە خوازیاری بنیاتنانی پەیوەندیگەلێکی نزیکن لەگەڵ کوردەکاندا و ئەو کاتە دەتوانن بەو کەسانە بڵێن کە بەرهەڵستی ئەو هەنگاوە دەکەن کە هاوکاری کردنی زیاتر لەگەڵ کوردەکاندا دەرئەنجامی باشتری لێدەکەوێتەوە.

**تورکیا رۆڵێکی گەورەی بینیوە لە هاندانی سوننەکانی عێراق بۆ ئەوەی بەشداری لە پرۆسە سیاسیەکەدا بکەن و هاوکاری حکومەتی عێراق بکەن**

***تورکیا یەکێکە لە دەوڵەتە دراوسێ گرنگەکانی عێراق، هەروەها لە دەوڵەتە دراوسێکانی تر جیاوازە، بە تایبەتی لە رووی بەرەوپێشچوونی ئابووری و پیشەسازییەوە، هەروەها لە روی پرۆسە دیموکراتییەکەوە. کەواتە چاوەڕێی دەکرێت تورکیا رۆڵێکی فراوانتر ببینێت لە عێراقدا بە تایبەتی لە بواری ئابووری و بازرگانیدا، بەڵام بە داخەوە هەست بەو رۆڵەی تورکیا ناکەین، بۆچی تورکیا هەڵناستێت بە بینینی رۆڵێکی کاریگەر و ئیجابی لە عێراقدا؟**

- من پێم وایە حاڵی حازر تورکیا ئەو رۆڵە کاریگەرە دەبینێت و من زۆرم پێ سەیرە کە کە ئێوە پێتان وایە تورکیا ئەو رۆڵە نابینێت، من پێم وایە پێچەوانەکەی راستە، لەبەر ئەوەی تورکیا رۆڵێکی گەورەی بینیوە لە هاندانی سوننەکانی عێراق بۆ ئەوەی بەشداری لە پرۆسە سیاسیەکەدا بکەن و هاوکاری حکومەتی عێراق بکەن. هەروەها تورکیا پەیوەندیگەلێکی ئابووری باشی لەگەڵ باکووری عێراقدا هەیە و چەندین کۆمپانیای تورکیا لەو ناوچەیەدا کاردەکەن. من پێم وایە یەکێك لە هۆکارەکانی فشاری سەر تورکیا بۆ ئەوەی بە وریایەوە ئەو دەستێوەردانە سەربازییە ئەنجام بدات بریتی بوو لە بوونی ئەو کۆمپانیایانە، بە واتایەکی تر بوونی بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا. هەروەها تورکیا بەشداری لە دروستکردنی فرۆکەخانە و زانکۆکاندا کردووە و من نازانم چیتر لە تورکیا چاوەڕوان دەکرێت.

**تورکیا دان بەو راستییەدا دەنێت و قبوڵیشی دەکات کە هەرێمێکی فیدراڵی کوردی لە چوارچێوەی عێراقدا جێگیر بووە**

***ئەگەر تورکیا سیاسەتی خۆی بەرامبەر هەرێمی کوردستان بگۆڕێت، لە بری ئەوەی بەرهەڵستی بکات، ئایا تورکیا لە رووی سیاسی و ئابووریەوە دەستکەوتی باشتر بەدەست ناهێنێت؟**

- تورکیا خوازیاری گۆڕانی گەورە نییە لە عێراقدا، واتە تورکیا دەیەوێت عێراق وەك دەوڵەتێکی یەکگرتوو و یەکپارچە بمێنێتەوە، رەنگە یەکێك لە هۆکارەکانی زیادبوونی رۆڵ و هاوکاری تورکیا لەگەڵ عێراقدا بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە تورکیا هەست دەکات عێراق ئەم بارودۆخە تێدەپەڕێنێت بێ ئەوەی بۆ سێ دەوڵەتی جیاواز دابەش بێت. لە سۆنگەی تورکیا دابەشبوونی عێراق بۆ سێ دەوڵەت مایەی کارەساتە نەك هەر بۆ عێراق بەڵکو بۆ تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. تورکیا لەسەر ئەو سیاسەتە جێگیر بووە کە هاوکاری عێراقێکی یەکگرتوو و سەقامگیر بکات، بەڵام دانیش بەو راستیەدا دەنێت و قبوڵیشی دەکات کە هەرێمێکی فیدراڵی کوردی لە چوارچێوەی عێراقدا جێگیر بووە. هەروەها پێم وایە سەرۆك وەزیرانەکەی ئێوە زۆر ژیرانە و زۆر هاوچەرخانە رەفتار دەکات بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کێشەی کەرکوك و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی پەکەکەدا هەیە. من پێم وایە سەردانەکەی ئەردۆگان وەڵامدانەوەی ئەو هەنگاو و هەڵوێستە باشانەیە، ئەمەش بەرەوپێشچوونێکی گرنگ و گەورەیە لە پەیوەندیدا بە سیاسەتی ناوخۆی تورکیاوە.

**تورکمانەکانی عێراق هەندێکیان شیعە و هەندێکیان سوننەن هەندێکیان بە عەرەبکراون و هەندێکیان هەستێکی تورکی نەتەوەپەرستانەیان هەیە و هەندێکیان لەگەڵ کوردەکاندا ئاوێتەبوونە**

***بۆ ماوەی زیاتر لە پانزە ساڵە کورد لە عێراقدا کاروباری خۆیان بەڕێوە دەبەن، لەو ماوەیەدا هەرێمی کوردستان سەلماندوویەتی کە هەڕەشە نییە بۆ سەر دەوڵەتە دراوسێکانی، هەمیش هەوڵی داوەی هۆکارێکی ئیجابی بێت بۆ هێنانەدی سەقامگیری و ئاسایشی دەوڵەتانی ناوچەکەدا، هەروەها سەرکردە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان هەوڵیان داوە رێز لە مافە سیاسی و کەلتوورییەکانی تورکمانەکان بگرن، تا ئێستا تورکمانەکان ناڕەزاییان دەرنەبڕیوە، بۆچی هەمیشە تورکیا نیگەرانی خۆی لە ئاست بارودۆخی تورکمانەکان دەردەبڕێت؟**

- تورکمانەکانی عێراق هەندێکیان شیعە و هەندێکیان سوننەن، هەندێکیان بە عەرەبکراون و هەندێکیان هەستێکی تورکی نەتەوەپەرستانەیان هەیە و هەندێکیان لەگەڵ کوردەکاندا ئاوێتەبوونە، لە تورکیا هەندێ گروپی نەتەوەی هەن کە پێیان وایە تورکمانەکان گروپێکی یەکگرتوون و دووچاری سەرکوتکاری هاتوون. بارودۆخەکە ئاڵۆزە، بەڵام دەبێت راشکاو بین کە هەندێ تروکمان هەیە کە موڵکیان لێ زەوت کراوە و لە رووی مافەکانیانەوە دووچاری گیروگرفت بوونە، بەڵام زۆرێك لە تورکمانەکانیش ژیانێکی ئاسای بەسەردەبەن.

●●●
**ئەردۆگان زۆر باش ئاگاداری هاوسەنگییەکانی ناو تورکیا بێت، لەبەر ئەوەی لە تورکیادا وەک دەوڵەتێکی یەکگرتوو و یەکپارچە لە عێراق دەڕوانرێت**
●●●

●●●
**کاتێک وەزیری دەرەوەی سوید سەردانی تورکیای کرد راستەوخۆ سەردانی دیاری بەکری کرد لە بری ئەنقەرە، ئەمەش تەواو تورکیای تورە و بێزار کرد**
●●●

●●●
**تاوەکو کوردەکان هەنگاوی زیاتر بنێن بۆ کۆنترۆڵکردنی جموجوڵەکانی پەکەکە، ئەوا ئەو پەیوەندیانە زیاتر دەچنە ئاستێکی باڵاوە**
●●●

●●●
**تورکیا لەسەر ئەو سیاسەتە جێگیر بووە کە هاوکاری عێراقێکی یەکگرتوو و سەقامگیر بکات، بەڵام دانیش بەو راستیەدا دەنێت و قبوڵیشی دەکات کە هەرێمێکی فیدراڵی کوردی لە چوارچێوەی عێراقدا جێگیر بووە**
●●●

پرۆفیسۆر ئیحسان باڵ تۆژەر لەسەر دۆسێی کوردو ستوونووس لە رۆژنامەی زەمان تودەی بۆ (گوڵان):

# پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان وایان لەتورکیا کردووە دان بەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا بنێت

**پرۆفیسۆر ئیحسان باڵ ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لەزانکۆی ئەستنبۆڵ، یەکێکە لەو نووسەرانەی کەبەردەوام لەرۆژنامەکانی تورکیا دەنووسێت بەتایبەتی لە رۆژنامەی تودەی زەمانی چاپی ئینگلیزی تورکیا، هەروەها یەکێکە لەو ئەکادیمانەی کە بایەخێکی گرنگ بە کێشەی کورد دەدات و چارەسەری ئاشتییانەی دەوێت.**

**بۆ تاوتوێکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر ئیحسان باڵ کردوو بەڕێزی رای خۆی بۆ گوڵان خستەروو.**



### گرنگە بۆ حکومەتی تورکیا هاریکاریی لەگەڵ حکومەتی بەغدا و دەسەڵاتی کورد دابمەزرێنێت

***بە پێی هەواڵەکانی میدیای تورکی وا بڕیارە سەرۆک وەزیرانی تورکیا ئەۆردۆگان سەردانی عێراق بکات، زۆر لە چاودێران وا پێشبینی دەکەن لەگەڵ هەردوو سەرۆک مسعود بارزانی و سەرۆکی حکومەتی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کۆببێتەوە، ئایا ئەم سەردانەی ئۆردۆگان بۆ عێراق چۆن دەبینیت؟ پێشبینیت چییە بۆ کۆبوونەوەکەی لەگەڵ سەرکردایەتی کورد؟**

-وەك دەزانن حکومەتی تورکیا خۆشحاڵە بە دامەزراندنی پەیوەندییەکی چالاك لەگەڵ حکومەتی بەغداو ئیدارەی کورد لە باکوور، ئەمەش سەرەتایەکی نوێیە بۆ حکومەتی تورکیا کە ئەم هاریکارییە لەگەڵ حکومەتی بەغدا و دەسەڵاتی کورد لە باکوور دابمەزرێنێت، دەبێتە هەنگاوێکی تازە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو عێراق و هەروەها تورکیاو باکووری عێراق، ئەم سەردانە چاوەڕوانکراوە شتێکی مێژووییە چونکە لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا تورکیا بە گشتی شڵەژانی پێوە دیاربووە سەبارەت بەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ عێراق و باکووری عێراق بکات، لێرەشدا وا دیارە تورکیا بڕیاری بەرەو پێشچوونی بارودۆخەکەو هاریکارییە لەگەڵ عێراق و باکووری عێراق و لە هەوڵی دامەزراندنی هاریکارییەکە لە بواری ئەمنی بۆ ئەوەی لەگەڵ بەشەکانی باشوور ئاسایشی هاوبەش دابین بکات.

### بۆ ئەم قۆناخە ئەو پێشبینییە زەحمەتە ئەردۆگان راستەوخۆ سەردانی هەولێر بکات

*** بۆچی سەرۆك وەزیران ئۆردۆگان راستەوخۆ سەردانی هەولێر ناکات و ئەو تەلیسمە ناشکێنێت هەروەك بەڕێز دیك چینی، کۆندا لیزا رایس، رامسفیلد هەروەها سەردانەکانی بەرپرسانی بەریتانی و فەرەنسی راستەوخۆ سەردانی هەولێر دەکەن؟**

-لێرەدا ئەمە زۆرە کە پێشبینی بکرێت لە سەرۆك وەزیرانی تورکیا لە حاڵی حازردا، من زۆر دڵنیام کە سەرۆك وەزیرانی تورکیا لە داهاتوودا سەردانی هەولێریش دەکات بە گوێرەی بەرەوە پێشچوونی بارودۆخی پەیوەندی نێوان تورکیا و باکووری عێراق، هەروەها سەردانەکەی سەرۆك وەزیران خالێکی دیکەی وەرچەرخانە وەك چۆن سەردانەکەی تاڵەبانی کاردانەوەی باشی بەسەر پەیوەندی نێوان تورکیا و عێراق و تورکیا و کوردەکان هەبوو، لێرەدا پێویستە لە حاڵی حازر پێشبینی سەردانی سەرۆك وەزیران نەکەین بۆ هەولێر . بەڵام ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرەوپێشچوونی پەیوەندی نێوان هەردوو لایەن و هەروەها هەبوونی PKK لەم هەرێمەداو دڵنیام لەوەی حکومەتی تورکیا خۆشحاڵە بەسەردانکردنی دەسەڵاتی کوردی لە باکووری عێراق لە داهاتووداو ئەمەش تەنها لەبەر حاڵەتی ئەمنی نییە بەڵکو هەروەها لایەنی ئابووری نێوان ئەم دوو لایەنە زۆر بە بەرچاو لە بەرەوپێشچووندایە، هەروەها لەبەرامبەر بەرەوپێشچوونی لایەنی ئابووری بێگومان دەبێتە هۆی بەرەوپێشچوون و نزیك بوونەوە لە لایەنی پەیوەندی نێوان ئەم دوو لایەنە لە داهاتوویەکی نزیکدا، بۆیە پێشبینی سەردانی ئۆردۆگان بۆ هەولێر شتێکی واقیعی نییە، بەڵام ئەگەر ئۆردۆگان لە سەردانەکەی بۆ بەغدا سەرکەوتوو بوو ئەوا بێگومان دەبێتە هۆی بەرەوپێشچوونی پەیوەندی تورکیا لەگەڵ باکووری عێراقیش، بۆیە لێرەدا ئامانجی سەردانەکە پێویستە بۆ نەهێشتنی بێ متمانەی بێت و بونیادنانی متمانە زیاتربێت لە پەیوەندی نێوان هەردوولاو دروستکردنی باوەڕێکی پتەو بۆ هەردوو لایەن و ئەمەش پێموایە کە زۆر گرنگە بۆ ئێستا.

***تورکیا دەتوانێت لەرووی بازرگانی و ئابوورییەوە هەلی زیاتری لە هەرێمی کوردستان دەست بکەوێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی تورکیا هەوڵنادات سوود لەم بوارانە وەربگرێت ؟**

-من زۆر ئاشنا نیم بە وردەکاریەکانی ئەم لایەنە، بەڵام بەرەوپێشچوونی هاوکاری لە نێوان هەردوو لایەن زۆر بە روونی بەرچاوە، هەروەها هاوکاری ئابووری نێوان ئەم دوولایەنە ئاکامی هاوکاری سیاسی لێدەکەوێتەوە. لێرەدا بەرەوپێشچوونی پەیوەندی ئابووری و باوەڕ بەخۆبوونی تورکیا بووەتە هۆکارێك بۆ ئەوەی تەیب ئۆردۆگان سەردانی بەغدا بکات، بۆیە لێرەدا کاردانەوەکانی پەیوەندی ئابووری و ئاکامەکانی دەردەکەوێت.

## پەیوەندییە ئابوورییە بازرگانییەکان وایان لەتورکیا کردووە دان بەهەرێمی کوردستاندا بنێت

***بەڵام ئەگەر تورکیا بیەوێت بارودۆخەکە ئاسایی بکاتەوەو پەیوەندی لەگەڵ بەغدا بەهێز بکات، پێویستە پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ هەرێمی کوردستان دابمەزرێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش هەرێمی کوردستان زۆر خۆشحاڵە، لێرەدا پرسیار ئەوەیە تا چەند تورکیا ئامادەیە پەرە بەم هەنگاوە بدات؟**

-هەندێك جار هاریکاری ئابووری و بازرگانی پەرە بە پەیوەندی سیاسی دەدات، لێرەدا دەبینین لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا رێژەی بازرگانی زۆر بە گەورەیی لە نێوان تورکیاو باکووری عێراق زیادی کردووە بەوەی کە چەندین کۆمپانیای تورکی سەرقاڵی بازرگانی و بەرهەمهێنانن لە باکووری عێراق، بۆیە ئەم بەرەوپێشچوونەی نێوان تورکیاو باکووری عێراق لەگەڵ پەیوەندی سیاسیدا نابێت، بەڵکو بەرەوپێشچوونی پەیوەندی سیاسی لە دوای ئەم بەرەوپێشچوونەی پەیوەندی ئابووری و بازرگانیدا دەبێت، کۆمپانیایەکان لێرەدا پەرەیان بە پەیوەندی ئابووری داوە و دەستیان بە بەرهەمهێنان کردووە لە باکووری عێراق و پاڵ بە حکومەتی تورکیاوە دەنێن بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتی کوردی لە باکووری عێراق تێبگات و دانی پیا بنێت بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە تورکیا رازییە لەسەر سەربەخۆیی کوردستان و ئەمەش حاڵی حازر بەو رادەیە داواکراو نییە، بەڵام ئۆتۆنۆمی ئەم هەرێمە لە حاڵی حازردا شتێکی پۆزەتیڤە بۆ تورکیا، کەوا لە نێوان هەردوو لادا ئاخاوتن هەیە واتە لە نێوان تورکیاو ئیدارەی بارزانی لە باکووری عێراقدا. حاڵی حازر هیچ جۆرە ئەزمەیەکی ئاوا لە نێوان ئەم دوو لایەن نییە، سەردانەکەی ئۆردۆگانیش دەبێتە هۆکارێك بۆ پەرەپێدانی لایەنی ئابووری و پتەوکردنی باوەڕی هەردوولا. تورکیا زۆر خۆشحاڵە بەرامبەر باکوورو یەکپارچەیی عێراق ئەمەش لەبەرژەوەندی تورکیادایە، تورکیا داوای سەقامگیری دەکات لە عێراق چونکە ناسەقامگیری تورکیاش ئازار دەدات، تورکیا لە لایەنی ئابووری سوودمەند دەبێت لەوەی کە سەقامگیری و یەکپارچەیی لە بەغدا بەدی بکرێت بەوەی باری ئابووری بەرز دەبێت.

***لە ناوخۆیی هەرێمی کوردستاندا هەمیشە سەرکردایەتی کورد رێزیان لە کلتوورو مافی مرۆڤ گرتووە، بەتایبەتی بەرامبەر بە تورکمان، تا ئەمرۆ تورکمان بە هیچ شێوەك ناڕەزایی دەرنەبڕیوە، پرسیار لێرە ئەوەیە بۆچی تورکیا هەمیشە لە هەوڵی دەرخستنی گرنگیپێدانییەتی سەبارەت بە تورکمان لە عێراقدا؟**

-ئەمە لە ماوەی ٥٠ ساڵی رابردوو و زیاتریش بەشێك بووە لە سیاسەتی تورکیا، ئەگەر سەیری پەیوەندی نێوان تورکیا لەگەڵ بولغاریا و یۆنان و قۆبرس بکەین دەبینین کە تورکیا هەمیشە لە خەمی چارەنووسی تورکەکانە لە دەرەوەی تورکیادا، بۆیە لێرەدا ئەمە وەك بەشێك لە سیاسەتی تورکی وەك کلتوورێك هەبووە، تورکیا ئێستا زۆر لە خەمی ئەو تورکانەی بولغاریا و قۆبرس و یۆنان و هەروەها باکووری عێراق بە هەمان شێوە نییە، بۆیە لێرەدا حکومەتی تورکیا لەم بارودۆخی گۆرانکارییەی بەسەر عێراقدا دێت نایەوێت تورکمانەکان بێ دەنگ بن و ماف خوراو بن، بۆیە هەبوونی تورکمان لە باکووری عێراق بێگومان دەبێتە پردێك بۆ بەرەوپێشچوونی پەیوەندی نێوان تورکیا و باکووری عێراق. هەروەها ئەگەر لەم لایەنەوە سەیری بکەین ئەوا هەبوونی تورکان و سەربەخۆیی و دابینکردنی مافەکانیان دەبێتە دروستبوونی پەیوەندییەکی پڕ باوەڕ لە نێوان تورکیا و باکووری عێراق.

●●●
**حکومەتی تورکیا خۆشحاڵە بە دامەزراندنی پەیوەندییەکی چالاک لەگەڵ حکومەتی بەغداو ئیدارەی کورد لە باکوور**
●●●

●●●
**ئەم بەرەوپێشچوونەی نێوان تورکیاو باکووری عێراق لەگەڵ پەیوەندی سیاسیدا نابێت، بەڵکو بەرەوپێشچوونی پەیوەندی سیاسی لە دوای ئەم بەرەوپێشچوونەی پەیوەندی ئابووری و بازرگانیدا دەبێت**
●●●

●●●
**تورکیا هەمیشە لە خەمی چارەنووسی تورکەکانە لە دەرەوەی تورکیادا، ئەمە وەک بەشێک لە سیاسەتی تورکی وەک کلتوورێک هەبووە**
●●●



پرۆفیسۆر بوڵنت ئاراس ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی ئیشقی ئەستەمبوڵ بۆ گوڵان:

# تورکیا بەرهەڵستی عێراقی فیدراڵ ناکات دان بە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەنێت

**پرۆفیسۆر بوڵنت ئاراس ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی ئیشق لە ئەستەمبوڵ و بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی تورکیا -ئاسیایە بۆ دیراساتی ستراتیژی و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی دەرەوەو سیاسەتی ئاسایشی تورکیا، هەروەها بایەخ بە پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا دەدات.**

**بۆ قسەکردن لەسەر ئاسۆی پەیوەندییەکانی نێوان بەغداو ئەنقەرەو بایەخی هەولێر لەم پەیوەندییەدا، گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر ئاراسەوە کردو بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



**هەرێمی کوردستان بەشێکی شەرعی عێراقی فیدراڵەو دەبێت تورکیا ئامادەبێت پەیوەندییان لەگەڵدا ببەستێت**

***دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تورکیا هاوکات کە باس لەسەردانی بەڕێز ئەردۆگان بۆ عێراق دەکەن، باس لە باش بوونی پەیوەندی نێوان هەولێرو ئەنقەرەش دەکەن، بۆیە وا مەزندە دەکرێت ئەجێندای سەردانەکەی ئەردۆگان دیدارو کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسیی هەرێمیش لەخۆ بگرێت، بەڕێزت چۆن ئەم ئاراستەیە دەخوێنیتەوە؟**

- سەرکردەکانی باکووری عێراق سەرکردەگەلێکی شەرعین و ڕەنگە بەڕێز ئەردۆگان لەگەڵ هەندێ لەو سەرکردانەدا کۆببێتەوە، کە من ناتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم لەگەڵ چ سەرکردەیەکدا کۆدەبێتەوە، بەڵام حکومەتی تورکیا خوازیارە پەیوەندی لەگەڵ تێکڕای چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی عێراقدا هەبێت، باکووری عێراقیش بەشێکی شەرعی عێراقی فیدراڵییە و سەرکردەکانی ئەو ناوچەیە سەرکردەی شەرعین و من دڵنیام کە تورکیا ئامادەیە پەیوەندییان لەگەڵدا ببەستێت، تورکیا پابەندە بە یارمەتیدانی عێراقێکی سەقامگیر و دیموکراسی و ئارامەوە و کارێکی شەرعیشە ئەگەر تورکیا پەیوەندی لەگەڵ سەرکردەکانی ئەو حکومەتەدا هەبێت کە لە باکووری عێراقدا هەن.

**دامەزراوەی سەربازی لە تورکیا باڵادەستە ڕەنگە ڕێگە بە گۆڕانێکی گەورە لە سیاسەتی حکومەتدا نەدات**

*** باس لەوە دەکرێت لەوانەیە ئەو چاوپێکەوتنانە لە بەغدا بکرێت، لای ئێمە وەك هەرێمی کوردستان لەبەغدا بێت یان لە هەولێر بە گەرمی پێشوازی لەم هەواڵە کراوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی بەڕێز ئەردۆگان ڕاستەوخۆ سەردانی هەولێر ناکات، پێویستە ئەردۆگان ئەو دەستپێشخەرییە بکات؟**

- تورکیا لە بارودۆخێکی ناسکدایە، کە من دڵنیام ئێوە ئاگاداری سیاسەتی ناوخۆی ئەو وڵاتەن، لە لایەکی ترەوە دامەزراوەی سەربازی لە تورکیا خاوەنی سەنگ و باڵادەستییە و ڕەنگە ڕێگە بە گۆڕانێکی گەورە نەدات لە سیاسەتی حکومەتدا، ئەمە ساتەوەختێکی ناسکە لەبەر ئەوەی تەنانەت خودی سەردانەکەی ئەردۆگان بۆ بەغدا گرنگی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە سەرکردەکانی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕەنگە ئامادە نەبن لە هەلومەرجێکی ناوخۆی ئاوادا سەردانی وڵاتێکی تر بکەن، بەڵام بەڕێز ئەردۆگان هەست بە گرنگی پێگەی عێراق دەکات لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا، ئەمە هەنگاوی یەکەم و سەردانی یەکەمە و ڕەنگە لە داهاتوودا سەردانی کوردستانی عێراقیش بکات.

**ئێمە سەدان ساڵە لەم دەڤەرە پێکەوە دەژین نابێ بە گومانەوە لە یەکتری بڕوانین**

***هەمیشە تورکیا لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەولێردا لە دوای دەوڵەتەکانی ترەوە بووە، بە تایبەتی لە کردنەوەی هێڵی ئاسمانیدا، هەمیشە خوازیاری ئەوەبووینە گەشتە جیهانییەکانمان لە ڕێی ئاسمانی تورکیا و کۆمپانیاکانی هێڵی ئاسمانی تورکیاوە بێت. بۆچی تورکیا هەوڵ نادات سوود لەو هەموو دەرفەتە وەربگرێت کە لە هەرێمی کوردستاندا هاتۆتە پێش؟**

- لە ڕاستیدا ئەوە پێویستی بە ئاڵوگۆڕی قوتابییان و ئەکادیمییەکان هەیە، من شەخسی خۆم بە نیازم سەردانی ئەو ناوچەیە بکەم و من پێم وایە ئێمە سەدان ساڵە لەم خاکەدا دەژین و پێویست ناکات بە گومانەوە لە یەکتری بڕوانین، ئێستا کاتی چەسپاندنی ئاشتی و پەرەپێدانی ئابووری و پیشەسازییە. لە ڕاستیدا ئەوەی ڕێگربووە تورکیا بەو ئاراستە ڕاست و دروستەدا

هەنگاو بنێت ئەوەیە لە تورکیا ترس و نیگەرانی هەبووە لە دابەشبوونی وڵاتەکە، واتە نزیکبوونەوەی تورکیا لە باکووری عێراق دەبێتە هۆی هاندانی کوردەکانی تورکیا و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ جیابوونەوە، ئێستا تورکیا لە هەوڵی ئەوەدایە بەسەر ئەو ترس و نیگەرانییەدا زاڵ بێت. من پێم وایە **لە ئایندەیەکی نزیکدا رەوتی بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکان بە خێراتر دەبێت لە نێوان تورکیا و باکووری عێراقدا.**

## کەواتە هیچ ئاستەنگێک نییە بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندیی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان

***ئەگەر تورکیا هەوڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان و بنیاتنانی پەیوەندیگەلێکی ئابووری بەهێز لەگەڵ عێراقدا بدات، دەبێت سەرەتا تورکیا پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دابمەزرێنێت. هەرێمی کوردستانیش بەم هەنگاوە خۆشحاڵ دەبێت، ئایا تا چەند تورکیا ئامادەیە ئەم هەنگاوە بنێت؟**

- تورکیا ئامادەیە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان، بەڵگەش بۆ ئەمە سەردانی راوێژکاری سەرۆك وەزیران، ئەحمەت ئۆغلۆ بوو بۆ عێراق، کە ئەم کەسایەتییە کاریگەرییەکی زۆری هەیە بەسەر سەرۆك وەزیرانەوە و پێداگیری لەسەر ئاساییکردنەوە و پتەوکردنی ئەو پەیوەندییانە دەکات، من پێم وایە ئەو پەیوەندییانە بە رەوتێکی خێراتر بەرەوپێش دەچن لە ئایندەدا، هەروەها رای گشتی تورکیا و دەزگاکانی راگەیاندنی تورکیا و پیاوانی کاری تورکیا و رۆشنبیرانی تورکیا ئامادەن هاوکاری باکووری عێراق بکەن. لە لایەکی ترەوە دوای لەشکرکێشییەکەی تورکیا دژی پەکەکە رای گشتی تورکیا ئەو راستییەی بۆ روون بووەوە کە باکووری عێراق هاوکاری پەکەکە ناکات،. کەواتە هیچ ئاستەنگێك نییە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو پەیوەندییانە. سەردانەکەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا هەنگاوێکی زۆر گرنگ دەبێت.

## بەشداری کردنی زیاتر و فراوانتری تورکیا لە رووی ئابوورییەوە تەنها مەسەلەی کاتە

***ئێمە چاوەڕێمان دەکرد تورکیا لە بواری ئابووری و بازرگانیدا رۆڵێکی فراوانتر ببینێت لە عێراقدا بە تایبەتی لەرێگەی هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام بە داخەوە هەست بەو رۆڵەی تورکیا ناکەین، بۆچی تورکیا هەڵناستێت بە بینینی رۆڵێکی کاریگەر و ئیجابی لە عێراقدا؟**

- من هاورام لەگەڵ ئێوە کە دەبێت تورکیا رۆڵێکی گەورەتر ببینێت، بەڵام حاڵی حازر تورکیا رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە عێراقدا، لە باکووری عێراقدا چالاکە لە رووی کار و ئابوورییەوە، لە رووی سیاسییەوە هەوڵی هێنانەدی عێراقێکی دیموکرات و سەقامگیر و پڕ لە ئاسایش دەدات. هەروەها تورکیا دەوڵەتە دراوسێکانی هانداوە بۆ ئەوەی پێکەوە رۆڵێکی بنیاتنەر لە عێراقدا ببینن. تورکیا رۆڵێکی بنیاتنەر لە عێراقدا دەبینێت، هەروەها پشتگیری هیچ تاقم و گرووپێك ناکات کە کارێکی ئاژاوەگێڕی بکەن لە عێراقدا، بەڵکو هەوڵی پشتگیریکردنی پرۆسە سیاسییە شەرعییەکەی عێراق دەدات. بەشداری کردنی زیاتر و فراوانتری تورکیا لە رووی ئابوورییەوە لە عێراقدا تەنها مەسەلەی کاتە، چونکە ئێستا مەسەلەی ئاسایش بۆتە ئاستەنگێك لەو رێیەدا، بەڵام تورکیا رۆڵێکی ئابووری فراوانتری هەیە لە باکووری عێراقدا، لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی ئارامە و ئابوورییەکەی لە بەرەوپێشچووندایە.

## تورکیا بەرهەڵستی عێراقێکی فیدراڵی ناکات و دان بە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەنێت

*** بەڵام ئەگەر تورکیا سیاسەتی خۆی بەرامبەر هەرێمی کوردستان بگۆڕێت، ئایا لە رووی سیاسی و ئابوورییەوە دەستکەوتی باشتر بەدەست ناهێنێت؟**

- من پێم وایە **تورکیا بەرهەڵستی عێراقێکی فیدراڵی ناکات و دان بە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەنێت و پشتگیری لێدەکات.** پێشتر شاندێکی پایەبەرزی تورکیا سەردانی باکووری عێراقی کرد و ئێمە پشتیوانی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین و ئێمە خۆشحاڵ دەبین باکووری عێراق سەقامگیر و ئارام بێت. هیچ کەسێك لە تورکیا هەستێکی خراپی بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە. هەروەها سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیرانی تورکیا پێشوازییان لە سەرۆك کۆماری عێراق کرد کە سەرکردەیەکی دیار و کاریگەری کوردەکانە، بە هەمان شێوە پێشوازییان لە وەزیری دەرەوەی عێراق کرد کە کوردە، من پێم وایە بە تێپەڕبوونی کات تورکیا لە چوارچێوەی سیاسەتەکەیدا لەگەڵ عێراق پەیوەندی نزیکتر لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبەستێت. تورك و کوردەکان بۆ ماوەی سەدان ساڵە لەم ناوچە جوگرافییەدا ژیاون و باش یەکتر دەناسن و من پێم وایە هاوپەیمانێکی سروشتین لەم ناوچەیەدا.

***بەڵام ئەوە بۆ ١٧ ساڵ دەچێت هەرێمی کوردستان سەلماندوویەتی کە هەڕەشە نییە بۆ سەر دەوڵەتە دراوسێکانی، هەمیشە هەوڵیداوە هۆکارێکی ئیجابی بێت بۆ هێنانەدی سەقامگیری و ئاسایشی دەوڵەتانی ناوچەکە، هەروەها سەرکردە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان هەوڵیان داوە رێز لە مافە سیاسی و کەلتوورییەکانی تورکمانەکان بگرن، کەواتە کاتی ئەوە نەهاتووە تورکیا بەرامبەر هەرێم کوردستان نیگەران نەبێت؟**

- نیگەرانی تورکیا لە ئاست ئەو ناوچانەدا کە دانیشتوانەکەی تورکمانن، تەنها هۆکارێکی نەتەوەیی لە پشت نییە، ئەگەر لە دانیشتوانی شاری موسڵ بڕوانیت، ئەوا تورکمانی شیعە و تورکمانی سوننە و عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە و کوردی تێدایە و لە عێراقێکی بچووك دەچێت، نیگەرانی تورکیا ئەوەیە رەفتارێکی یەکلایەنە کە نەبێتە هۆی رازیکردنی تێکڕای گرووپەکان کێشە و گیروگرفتی جددی لێدەکەوێتەوە کە ئایندەی عێراق دەخاتە مەترسییەوە. عەرەبەکانی موسڵ بە شارێکی مێژوویی دادەنێن، بە هەمان شێوە تورکمانەکانیش، هەروەها کوردەکانیش پێیان وایە بەشێکە لە ناوچە کوردییەکە. تورکیا پێی وایە دەبێت خەڵکی عێراق بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات و تورکیاش رێزی دەگرێت. ئەم نیگەرانییەی تورکیا لە گۆشەنیگایەکی نەتەوەییەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو پەرۆشییە بۆ ئایندەی عێراق، ئەوەش ئەرکی دەوڵەتێکی دراوسێیە.

●●●
**باکووری عێراقیش بەشێکی شەرعی عێراقی فیدراڵییە و سەرکردەکانی ئەو ناوچەیە سەرکردەی شەرعین و من دڵنیام کە تورکیا ئامادەیە پەیوەندییان لەگەڵدا ببەستێت**
●●●

●●●
**دامەزراوەی سەربازی لە تورکیا خاوەنی سەنگ و باڵادەستییە و رەنگە رێگە بە گۆڕانێکی گەورە نەدات لە سیاسەتی حکومەتدا**
●●●

●●●
**تورکیا بەرهەڵستی عێراقێکی فیدراڵی ناکات و دان بە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەنێت و پشتگیری لێدەکات**
●●●

# مەترسییەکانی عێراق بەردەوامن
# دەبێت ڕێککەوتنی ستراتیژی زامنی چارەسەری کێشەکان بێت

تێڕوانینی پێکهاتەکانی عێراق بۆ ئایندەی عێراق تەمومژاوییە، هەرسێ پێکهاتەکە لەسەر ماناو چەمکی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق کۆک نین

٩٠٪ی هاووڵاتییانی عێراق لەسەر بنەمای ئەتنی و مەزهەبی دەنگیانداوەو دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق شاهیدی ئەو ڕاستییەن

ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان حکومەتی ئەمەریکا و حکومەتی عێراق، لەگەڵ ئەوەی بەرپرسانی ئەمەریکی بەو شێوەیە پێناسەی دەکەن کە هاوشێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی حکومەتی ئەمەریکا لەگەڵ حکومەتەکانی ژاپۆن و ئەڵمانیاو کۆریا، بێت بەڵام لەباری واقعیدا هیچ وێکچوونێك لە نێوان حکومەتی ئێستای عێراق و حکومەتەکانی ئەوکاتی ژاپۆن و ئەڵمانیا نییە. دوای شەڕی دووەمی جیهانی گەلانی ئەڵمانیاو ژاپۆن بۆ هەتا هەتایەماڵئاواییان لە شەڕ کردو، دەستیان کرد بە بونیادنانەوەو سڕینەوەی ئاسەواری شەڕو چارەسەرکردنی کێشەکان.

لە ژاپۆن و ئەڵمانیاش دوای جەنگی دووەمی جیهانی، شەڕ نەفرەتی لێکرا، بەڵام لە ئێستای عێراقدا شەڕ نەك هەر بە نەفرەت نەکراوە، بەڵکو هەموو ڕۆژێك گوێمان لە زەنگی شەڕێکی ترسناك دەبێتەوە، هەر بۆ نموونە:

١- هەتا ئێستاش عەرەبی عێراق بە سوننەو شیعەوە ئەو ئامادەباشییەیان تێدا نییە کە ڕاشکاوانە دان بە مافەڕەواکانی گەلی کوردستاندا بنێن و، وەك نەتەوەیەکی جیاواز لەسەر نیشتمانێکی هاوبەش مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

٢- هەتا ئێستاش تێڕوانینی پێکهاتەکانی عێراق بۆ ئایندەی عێراق تەمومژاوییە، هەرسێ پێکهاتەکە لەسەر ماناو چەمکی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق کۆك نین.

٣- تێڕوانینی هەرسێ پێکهاتەکە بۆ چۆنییەتی پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوسێکاندا جیاوازە، ئەگەر ڕاپرسییەك لەنێو ناوچەکانی هەرسێ پێکهاتەکە ئەنجامبدرێت، ڕێژەکان هیچیان لە یەکتری ناچن، نەك لێك نزیك نابن.

٤- ناسنامەی نیشتمانی عێراقی لە ناو هەر سێ پێکهاتەی کوردو شیعەو سوننە تا ئاستێکی زۆر نزمە، سێ هەڵبژاردنی ڕابردوو دەریخست، بەڕێژەی کەمتر لە ١٠٪ی عێراقییەکان خۆیان بە عێراقی دەزانن و دەنگیان بۆ پارتە عێراقییەکاندا، ٩٠٪ی هاووڵاتییانی عێراق لەسەر بنەمای ئەتنی و مەزهەبی دەنگیانداوەو دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق شاهیدی ئەو ڕاستییەن.

٥- لەناو عەرەبی عێراقیشدا کە دابەش دەبن بۆ سوننە و شیعە هەتا ئێستا هیچ کامیان نە شیعە و نە سوننە نەگەیشتوونە قەناعەت کە شەڕ چارەسەری کێشەکان ناکات، هێشتا شەڕ لایان پیرۆزە و هەردوولا پێیان وایە دەبێت بە شەڕ ناکۆکی نێوان شیعە و سوننە چارەسەر بکرێت، ئەم قەناعەتە سەیرەی سوننە و شیعە ئاراستەی پرۆسەی سیاسی عێراقی گۆڕیوە.

٦- لەناو هەر یەك لە پێکهاتەکانی عەرەبی سوننە و شیعەش لێکترازان و بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام بیروبۆچوونی جیاواز بەو مانایەن کە سیمای کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی پیشانیدا، بەڵکو جیاوازییەك کە هەموو کات چەکەکانیان لەسەر پێیە بۆ یەکتری.

٧- لەبەر ئەوەی باکگراوندی هەردوو لا شیعە و سوننە و باڵە جیاوازەکانی ناو هەر یەك لە مەزهەبی شیعە و مەزهەبی سوننە، باکگراوندێکی ئایینی، هەریەکەیان خۆی بە خاوەنی هەقیقەت دەزانێت و بەرامبەر بە هەڵە دەزانێت، هەربۆیە بەر لەوەی وتووێژ دەستی پێ بکرێت، کۆمپرۆمایز و دانوستاندن ڕووبەڕووی بازنەیەکی داخراو دەبێتەوە.

٨- تەفسیرکردنی بڕگە و مادەکانی دەستووری عێراق بۆ بەرژەوەندی تایبەتی مەزهەبی و هەوڵدان بۆ قۆرخکردنی دەسەڵات و بۆ پەراوێزکردنی کورد چەندی پێیان بکرێت.

٩- لای شیعە و سوننە هەندێك مەسەلەی یەکلاییکردنەوەی دەسەڵات و یەکلاییکردنەوەی کێشەی نێوان شیعە و سوننە، لەبەر بوونی هێزەکانی ئەمەریکا و فرەرەگەز لە عێراقدا سڕ کراوە بۆ قۆناغی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا هەربۆیە لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا مەترسی شەڕێکی قورسی ناوخۆ و گەڕانەوەی دیکتاتۆر بەسەر هەموو بۆچوونەکانی دیکەدا زاڵ دەبێت.

پرۆفیسۆر سەنجای کۆمار سینگخ بۆ ئەم ژمارەیەی گوڵان و بۆ بابەتێکی دیکەی تایبەت بە گوڵان ڕاگەیاندووە و دەڵێت: من هەست بە ڕەشبینییەك سەبارەت بە ئایندەی عێراق دەکەم، هیوادارم بۆچوونەکەم هەڵە بێت، بەڵام نابێت ئەگەری سەرهەڵدانی کەسایەتییەکی وەك هیتلەر لە عێراقدا بە دوور بزانین.

بۆ ئەم ڕاپۆرتە چەند کەسایەتییەکی دیبلۆمات و پسپۆڕ تایبەت بۆ گوڵان قسەیان کردووە کە ئەمە دەقی بۆچوونەکانیانە:



پرۆفیسۆر داڤید ئێدلسیتین ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی جۆرج تاون بۆ گوڵان:

# راسپاردەی ئەوەتان ناکەم بۆ ئاسایشی خۆتان پشت بە ئەمەریکا ببەستن



پرۆفیسۆر داڤید ئێدلسیتین ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی جۆرج تاون و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە سیاسەتی ئاسایشی جیهانی و ئەندامی سەنتەری ئاشتی و ئاسایشە لە زانکۆی جۆرج تاون.
پرۆفیسۆر داڤید تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا و لەسەر ئاکامی ئەم سیاسەتە لەهەمبەر ئاشتی و ئاسایشی جیهاندا سەبارەت بە ئایندەی عێراق و سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر داڤید کرد و بەرێزی رای خۆی بۆ گوڵان خستە روو:

**تا ساڵێکی دیکەش عێراق وەک وڵاتێکی پڕ لە مەترسی دەمێنێتەوە**

*** دانانی خشتەی زەمەنی بۆ باشتربوونی بارودۆخی ئاسایشی عێراق و کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، بارودۆخەکە چارەسەر ناکات، ئایا کێ زەمانەتی ئەوە دەکات دوای ساڵێکی دیکە هێزەکانی عێراق دەگەنە ئەو ئاستەی پێویستیان بەهێزەکانی ئەمەریکا نەمێنێ؟**

-من پێموایە تا ساڵێکی دیکەش عێراق وەك وڵاتێکی پڕ لە مەترسی دەمێنێتەوە و پاراستنی بارودۆخ و باشترکردنی بارودۆخەکە لە ئەستۆی ئەمەریکا نییە، بەڵکو لە ئەستۆی خودی عێراقییەکاندایە.

بۆ مەسەلەی رای عێراقییەکانیش لەسەر مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، ئەوە تەنها ناوەستێتە سەر ئەوەی چ لایەنێك بەسەر ئەنجوومەنی نیشتمانیدا زاڵە، بەڵکو دەوەستێتە سەر ئەوەی کێ بەسەر حکومەتی عێراقیدا باڵادەستە و جڵەوی دەسەڵاتی بە دەستەوەیە. ئەمەریکا هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی ئەو کەسانە بکاتە دۆستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە لە دەسەڵاتدان، تەنانەت ئەگەر دۆستی ئێرانیش بن، من پێموایە هێرشکردنە سەر ئێران هەڵەیەکی ستراتیجییە و دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی نزیککردنەوەی گروپگەلێکی دیاریکراوی عێراق لە ئێران.

**راسپاردەی ئەوە ناکەم کورد بۆ پاراستنی خۆی پشت بە ئەمەریکا ببەستێت**

***ئەی سەبارەت بە هەرێمی کوردستان ؟**

من پێموایە تا رادەیەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پابەندە بە پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەمەریکا ئەولەوییەتی تری هەیە لە ناوچەکەدا، لە گەڵ ئەوەشدا پێشتر کوردەکان باجی پشتبەستن بە ئەمەریکایان داوە و راسپاردەیەی ئەوە ناکەم دووبارە کوردەکان هەمان کار دووبارە بکەنەوە.

***سیاسەتی ئەمەریکا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە لە عێراقدا، زۆربەی شارەزایان و چاودێران پێیان وایە دەبێت ئەمەریکا سیاسەتێك بگرێتەبەر کە ببێتە هۆی بەدەست هێنانی سەرکەوتن، واتە سیاسەتێکی هاوشێوەی ئەو سیاسەتەی لە شەڕی کۆریای ساڵی ١٩٥٣دا گرتیەبەر، بە گوزارشتێکی دیکە بەجێهێشتنی عێراق و پاراستنی کوردستان، پێتوایە ئەمەریکا دەتوانێت بەو ئاراستەیەدا سیاسەتەکەی خۆی بگۆڕێت؟**

- من پێموانییە شوبهاندنی بارودۆخەکە بە کۆریا کارێکی باش بێت، جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان کۆریای ساڵانی پەنجاکان و عێراقدا، بۆ نموونە زۆرینەی خەڵکی کۆریای باشوور و حکومەتی ئەو وڵاتە خوازیاری مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بوون وەك هێزێکی هاوپەیمان، لە عێراقدا هێشتا روون نییە و رەنگە پێچەوانەکەشی راست بێت.

هەر لە سەرەتاوە بە هەڵە تێگەیشتنێك هەبوو، لەبەر ئەوەی زۆربەی سەرکردەکانی ئەمەریکا پێیان وابوو عێراق وەك یابان و ئەڵمانیا وایە. لە لایەکی ترەوە بەرپرسەکانی ئەمەریکا ئەوە بە رای گشتی رادەگەیەنن کە بە هەمان شێوەی یابان و ئەڵمانیا سەرکەوتوو دەبن لە عێراقدا، بەڵام خەڵکی باش ئاگاداری ئەوەنین کە چی لەو وڵاتەدا روودەدات.

**ئەمەریکا ناتوانێت بەرهەڵستی خواستی عێراقییەکان بکات**

***ئەگەر ئەمەریکا هێزەکانی لە عێراقدا کشاندەوە و پێکهاتەکانی عێراق نەیانتوانی پێکەوە بسازێن و شەڕ و توندوتیژی هەڵگیرسایەوە، ئایا لەو کاتەدا ئەمەریکا پابەند دەبێت بە پاراستنی یەکپارچەیی عێراقەوە، یان ئەو مەسەلەیە بۆ عێراقییەکان جێدەهێڵێت بۆ ئەوەی بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن؟**

- بەلەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە حاڵی حازر بە نامەرکەزیکردن لە عێراقدا ئاراستەی خۆی گرتووە، ئەوا ئەگەری ئەوە ناکرێت جارێکی تری حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز لە بەغدا پێك بهێنرێتەوە. بەڵام ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا پاشەکشەیان کرد و ئەگەر عێراقییەکان خوازیار بوون خۆیان بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن، بڕیارەکە هەرچییەك بێت دابەشکردنی عێراق بێت بۆ سێ بەشی جیاواز یان هەر رێگاچارەیەکی دیکە، بە مەرجێکی ئاسایش و ئارامی بپارێزن، ئەوا رەنگە ئەمەریکا بەرهەڵستی نەکات.

***بەڵام عێراق چەندین کێشەی چارەسەرنەکراو و هەڵپەسێردراوی هەیە، بۆ نموونە کێشەی کەرکووك و ئەو ناوچانەی ناکۆکیان لەسەرە، چۆن ئەمەریکا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ چارەسەرکردنیان و رێگە لە تەقینەوەی بارودۆخەکە بگرێت؟**

- ئەوە تەحەددایەکە ئەو کێشانە، کێشەی دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت و کێشە هاوشێوەکانی تر، ئەوا زەحمەتە بتوانرێت بەم نزیکانە چارەسەر بکرێت. ئەوەی حاڵی حارز سەرۆکی ئەمەریکا هەوڵی بۆ دەدات کەمکردنەوەی ئاستی توندوتیژییە و چارەسەرکردنی ناکۆکییە سیاسییەکانە تاوەکو هێزەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتەدان، بۆ ئەوەی دەرفەت بۆ کەمکردنەوەی ئەو هێزانە دروست بێت، هەرچەندە من بە گومانم لەوەی ئەمەریکا بتوانێت ئەو کارە بکات، بەڵام گەشبینم بەوەی ئەو کێشانە بە سەرکەوتویی چارەسەر بکرێن.

بالیۆز کارلۆس پاسکۆلا جێگری سەرۆکی ئامۆژگای برۆکینگزەو بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی سیاسەتی دەرەوەیە لە ئامۆژگای برۆکینگز.
باڵیۆز کارلۆس پێشتر باڵیۆزی ئەمەریکا بووە لە ئۆکرانیاو بەڕێوەبەری باڵای ستافی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکا بووەو ماوەی ٢٣ساڵ لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کاریکردووە.
باڵیۆز کارلۆس لەم بوارانە تایبەتمەندە: (سەقامگیری دوای کێشەکان، سیاسەتی ئاسایشی نێودەوڵەتی، ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەك).
سەبارەت بە سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقداو ئەو ڕێککەوتنەی نێوان عێراق و ئەمەریکا باڵیۆز کارلۆس پاسکۆلا رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:

**باڵیۆز کارلۆس پاسکۆلا بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی سیاسەتی دەرەوە لە ئامۆژگای برۆکینگز بۆ گوڵان:**

# ئەمەریکا ناتوانێت عێراقییەکان ناچار بکات، مانەوەی هێزەکان قبووڵ بکەن



**دەیان کێشە لە عێراقدا هەن چارەسەر نەکراون**

*** حاڵی حازر عێراق و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەرقاڵی گفتوگۆن لە بارەی ڕێککەوتنێکی ستراتیژی درێژخایەن، بە پێی ئەم ڕێککەوتنە پێویستە هێزەکانی ئەمەریکا لە ماوەی ساڵێکدا عێراق جێبهێڵن، ئەگەر پەرلەمانی عێراق مۆڵەتی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق نوێ نەکاتەوە، ئایا ئەمەریکا دڵنیا دەبێت لەوەی بارودۆخی عێراق لەماوەی ئەو ساڵەدا جێگیر دەبێت و لە مەترسی دەردەچێت؟**

- هێشتا گرژی ئاڵۆزییەکی ناوخۆی زۆر لە عێراقدا هەیە کە چارەسەر نەکراون، لەم قۆناغەدا هێزەکانی ئەمەریکا توانیوویانە تا ڕادەیەك گرژی و ئاڵۆزیی کەم بکەنەوە، بەڵام هێشتا چەندین دژواری و سەختی و بەهەڵە تێگەیشتنی گەورە هەن کە یەکلانەکراونەتەوە. لە نێوان شیعە و سوننەکاندا گرژی هەیە، لە نێوان خودی شیعەکان خۆیاندا، هەروەك ئەوەی لە شەڕەکانی ئەو دواییەی بەسرەوە بۆمان دەرکەوت، ئاڵۆزی لە نێوان خودی سوننەکاندا هەیە، چەندین کێشەی سیاسی ئاڵۆز لە نێوان کورد و شیعە و سوننەکاندا هەیە. ڕەنگە لە ساڵی داهاتوودا جۆرێك لە تێگەیشتن و ڕێککەوتنێکی سیاسی بەدی بهێنرێت، بەڵام حاڵی حازر هیچ پرۆسەیەك بەدی ناکرێت بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە.

**هەڵگیرساندنی شەڕ دژی ئێران هەڵەیەکی گەورەیە**

***گرەوی هێزەکانی ئەمەریکا لەسەر پەرلەمانی عێراق گرەوێکی مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان شیعەن و شیعەکانیش پتر دڵسۆزی ئێرانن، ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا شەڕی لە دژی ئێران بەرپاکرد و پەرلەمانی عێراق داوای لە هێزەکانی ئەمەریکا کرد لە عێراق بکشێنەوە، ئایا هەڵوێستی ئەمەریکا لەوکاتەدا چی دەبێت؟**

- من لەو بڕوایەدام هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا شەڕ لە دژی ئێران هەڵناگیرسێنن، هەڵگیرساندنی ئەو شەڕە هەڵەیەکی گەورەیە و هێزەکانی ئەمەریکاش دەزانن ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە، ئەوەی پەیوەندی بە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکاوە هەبێت، لەو باوەڕەدام ئەو هێزانە ناتوانن لە عێراقدا بمێننەوە، ئەگەر هاتوو خەڵکی عێراق خواستیان لەسەر مانەوەی ئەو هێزانە نەبوو، ئەمەریکا ناتوانێت عێراقییەکان ناچارکات بوونی ئەو هێزانە قبووڵ بکەن ئەگەر خۆیان خواست و ئیرادەیان لەسەری نەبێت، هەروەها من ناتوانم ئەوە دەستنیشان بکەم ئایا پەرلەمانی عێراق لە ساڵی داهاتوودا داوای پاشەکشەی ئەو هێزانە دەکات یان نا.

**پێموانییە ئەمەریکا دەست لە کوردەکان هەڵبگرێت**

***هەموو دەزانین هەرێمی کوردستان ئارام و ئاسایشە، پاراستنی ئەم سەقامگیرییەش پێویستی بە جێگیرکردنی هێز هەیە، ئایا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زەمانەتی پاراستنی هەرێمی کوردستان دەکات یان پشتی تێدەکات و دەستییان لێ هەڵدەگرێت؟**

- ئەمەریکا دەست لە کوردەکان هەڵناگرێت، دەبێت ئەمەریکا هەوڵوکۆششەکانی خۆی بۆ یارمەتیدانی پێکهاتەکانی عێراق تەرخان بکات بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتنێك بۆ یەکلاکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشە ئیتنی و سیاسییەکانی نێوانیان، لایەنگیری کردنی ئەمەریکا لە هەر لایەنێکی ناو عێراق ناسەقامگیری لێدەکەوێتەوە و هەڵەیەکی گەورەیە، باشترین و بنیاتنەرترین ڕێگە هاندانی لایەنەکانی بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن و تێگەیشتنێکی سیاسی هاوبەش بۆ ئەوەی ببێتە بناغەیەکی پتەو بۆ داهاتوو.

**ئەوەی ئێستا لە عێراقدا گرنگە ئەوەیە بیر لەوە بکرێتەوە چۆن دەتوانرێت ڕێککەوتنێکی سیاسی**

### لە نێوان کورد و شیعە و سوننەکاندا بهێنرێتەدی

***سیاسەتی ئەمەریکا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە لە عێراقدا، زۆربەی شارەزایان و چاودێران پێیان وایە دەبێت ئەمەریکا سیاسەتێك بگرێتەبەر کە ببێتەهۆی بەدەستهێنانی سەرکەوتن، واتە سیاسەتێکی هاوشێوەی ئەو سیاسەتەی لە شەڕی کۆریا لە ساڵی ١٩٥٣دا گرتییەبەر، بە گوزارشتێکی دیکە بەجێهێشتنی عێراق و پاراستنی کوردستان، پێت وایە ئەمەریکا دەتوانێت بەو ئاراستەیەدا سیاسەتەی خۆی بگۆڕێت؟**

- ئەو وانەیەی لە ماوەی بیست پێنج ساڵی رابردوودا لە ناکۆکییەکانەوە فێری بووینە، ئەوەیە کە ناکرێت چارەسەرێکی درێژخایەن بەدی بهێنرێت، ئەگەر نەتوانرا رێککەوتنێکی سیاسی لە نێوان لایەنە سەرەکییەکانی ناکۆکییەکەدا بهێنرێتەدی، ئەم حاڵەتەمان لە ناکۆکییەکانی ئێرلەندای باکوور، سودان، بۆسنا و هتد، بەدی کرد کە بەکارهێنانی چارەسەری سەربازی بە تەنها کێشەکانی چارەسەر نەکرد، ئەوەی ئێستا لە عێراقدا گرنگە ئەوەیە بیر لەوە بکرێتەوە چۆن دەتوانرێت رێککەوتنێکی سیاسی لە نێوان کورد و شیعە و سوننەکاندا بهێنرێتەدی، بۆ ئەوەی ببێتە بناغەیەکی سیاسی پتەو بۆ داهاتووی عێراق، ئەمەریکا دەتوانێت لەم رووەوە هاوکاری بکات، بەڵام ئەمە پێویستی بە هاوکاری بەربڵاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە هەیە.

***ئەمەریکا لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە دەستی لە یابان و ئەڵمانیا هەڵنەگرت، تەنانەت ئەو دەستوورەی بۆ یابان و ئەڵمانیا نووسرایەوە هیچ مەترسییەکی لێنەدەکەوتەوە، بەڵام بارودۆخی عێراق جیاوازە، لەبەر ئەوەی لە عێراقدا ناسنامەی نیشتمانی بوونی نییە، دەستووری عێراق بە شێوەی جیاواز تەفسیر دەکرێت، کە دەیکاتە سەرچاوەی پشێویی و توندوتیژی، چۆن بەرپرسێکی باڵای ئەمەریکا رای دەگەیەنێت کە ئەمەریکا رێککەوتنێکی هاوشێوەی یابان و ئەڵمانیا لەگەڵ عێراقدا دەکات؟**

- من زۆرباش ئاگاداری ئەو لێکچوونە نیم، بەڵام بارودۆخی عێراق بە شێوەیەك لە شێوەکان جیاوازە و ئەوە گەورەترین کەموکوڕی لە سیاسەتی ئەمەریکا پەرەپێنەدانی ستراتیژیەتێکی سیاسی کارا بووە، کە پشتگیری کردن لە ئەنجامدانی گفتوگۆی کردبێت لە نێوان لایەنە سەرەکییەکانی عێراقدا.

***ئەگەر ئەمەریکا هێزەکانی لە عێراقدا کشاندەوە و پێکهاتەکانی عێراق نەیانتوانی پێکەوە بسازێن و شەڕ و توندوتیژی هەڵگیرسایەوە، ئایا لەوکاتەدا ئەمەریکا بە پاراستنی یەکپارچەیی عێراقەوە، پابەند دەبێت یان ئەو مەسەلەیە بۆ عێراقییەکان جێدەهێڵێت بۆ ئەوەی بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن؟**

- پێم وایە دەبێت لەکاتی چڕبوونەوەی ناکۆکی و توندتیژییە ناوخۆییەکانیشدا بیر لە چۆنییەتی پاراستنی یەکگرتوویی عێراق بکرێتەوە و هەوڵبدرێت کە ئەگەرەکانی دابەشبوون و پارچە پارچە بوون کەم بکرێتەوە.

### رێگەچارەی گونجاو بۆ کەرکووک ئەوەیە هەموو لایەک بە ئاکامەکەی رازی بن

***عێراق چەندین کێشەی چارەسەرنەکراو و هەڵپەسێدراون هەیە، بۆ نموونە کێشەی کەرکوك و ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە، چۆن ئەمەریکا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ چارەسەرکردنیان و رێگە لە تەقینەوەی بارودۆخەکە بگرێت؟**

ئەوەی پەیوەندی بە کێشەی کەرکووکەوە هەبێت، نەتەوە یەکگرتووەکان و بەڕێز دیمستۆرا هەوڵی راوێژکردن لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا دەدەن، بۆ ئەوەی بگەنە تێگەیشتنێکی هاوبەش دەربارەی هەنگاوی داهاتوو. رێگەی بنیاتنەر ئەوەیە کە بەردەوامی بە رێگاچارەی دیبلۆماسی و گفتوگۆ بدرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەو پێشنیار و راسپاردانە دابڕێژرێت کە دەبنە هۆی هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی هەموو لایەنەکان، هەروەها بگەنە سازشێك کە هەموو لایەنەکان بە کورد و عەرەب و هەتا تورکیاشەوە هەست بکەن دەرئەنجامێکی خوازراوە لەو چارەسەرە دەکەوێتەوە.

***دوا وتەت بۆ گۆڤاری گوڵان ؟**

من پێم وایە جێی خۆشحاڵییە کە لە کاتە سەخت و پڕ لە تەحەدداکاندا خەڵکانێك ببینیت لەسەر ئاستی ناوچەیی و مەحەلی کە هەوڵی باشترکردنی ژیان و بەرەوپێشبردنی بارودۆخەکە دەدەن، ئەوەش دەبێتە سەرچاوەی ئومێد و ئیلهام کە ئایندەی عێراق بە ئاراستەیەکی ئیجابیدا بڕوات.



●●●
**رەنگە لە ساڵی داهاتوودا جۆرێک لە تێگەیشتن و رێککەوتنێکی سیاسی بەدی بهێنرێت، بەڵام حاڵی حازر هیچ پرۆسەیەک بەدی ناکرێت بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە**
●●●

●●●
**ئەمەریکا ناتوانێت عێراقییەکان ناچارکات بوونی ئەو هێزانە قبووڵ بکەن ئەگەر خۆیان خواست و ئیرادەیان لەسەری نەبێت**
●●●

●●●
**ناکرێت چارەسەرێکی درێژخایەن بەدی بهێنرێت، ئەگەر نەتوانرا رێککەوتنێکی سیاسی لە نێوان لایەنە سەرەکییەکانی ناکۆکییەکەدا بهێنرێتەدی**
●●●

●●●
**رێگەی بنیاتنەر ئەوەیە کە بەردەوامی بە رێگاچارەی دیبلۆماسی و گفتوگۆ بدرێت کە دەبنە هۆی هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی هەموو لایەنەکان**
●●●

پرۆفیسۆر جیم واڵش پرۆفیسۆر لەئاسایشی
نێودەوڵەتی و تۆژەر لەئامۆژگاری ماسیۆشید بۆ گوڵان:

# هەر سەرۆکێکی ئەمەریکا،گەر تەواوی هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە هەڵەیەکی گەورە دەکات



پرۆفیسۆر جیم واڵاش کە پرۆفیسۆرو تایبەتمەندە لە سەر ئاسایش نێودەوڵەتی و تۆژەر و لێکۆلەرەوەیە لە ئامۆژگاری ماسیۆشید ئەنتەرناشنال و پرۆفیسۆر و تایبەتمەندە لە بواری تیرۆریزم و ڕێگرتن لەبڵاوبوونەوەی چەکی نیوکلیاری هەتا ئێستا دووجار بەشداری کۆبوونەوەکانی کۆریای باکوور و هەروەها کۆبوونەوەکانی پرۆگرامە نیوکلیارییەکانی ئێرانی کردووە.

پرۆفیسۆر واڵش لەساڵی ٢٠٠١ ەوە تائێستا ٧٠٠ جار دیمانەی تەلەفزیۆنی لەگەڵدا کراوەو ٣٠٠ جاریان بەتەنیا لەگەڵ CCN بووە بەردەوامیش شرۆڤەکانی لەسەر لاپەڕەکانی واشنتۆن پۆست و نیۆیۆرك تایمز و تایمزی لەندەنی و لۆس ئەنجلوس تایمزو کریستیان ساینس مۆنیتەر دەبینرێن.

ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان بۆ یەکەمجار پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر واڵش کردو سەبارەت بە ئایندەی عێراق بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:

### نەک سەرۆک بۆش، سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکاش ناتوانێت هێزەکان لە ساڵێکدا بکێشنێتەوە

*** کاتێك باسی ڕێککەوتنی نێوان عێراق و ئەمەریکا دەکرێت، بێجگە لەکورد هەموو پێکهاتەکانی دیکەی عێراق داوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکەن، ئایا ئەگەر ئەمەریکا هێزەکانی کێشایەوە ئایندەی عێراق چۆن دەبێت ؟**

- ڕەنگە هێزەکانی ئەمەریکا لە ماوەی ساڵێکدا ناتوانن عێراق جێبهێڵن، ڕاستە ڕای گشتی ئەمەریکا و دەنگدەران خوازیاری ئەوەن ئەو کشانەوەیە لە ماوەی ساڵێکدا ڕووبدات، بەڵام هیچ کەسێك لە ئیدارەکەی سەرۆك بۆش، یان ئیدارەی داهاتوو، ئۆباما بێت یان مەککین، دەرك بەو ڕاستیە دەکەن کە کشاندنەوەی ١٤٠,٠٠٠ سەرباز لە ماوەی ساڵێکدا لە ڕووی عەمەلیەوە کارێکی کردەنی نییە. کاتێك باسی کشانەوە دەکرێت دەبێت ئەوە دیاری بکەین ئایا مەبەستمان لە تێکڕای سەربازەکانی ئەمەریکایە، یاخود تەنها هێزگەلێکی دیاری کراوە، بۆ نموونە ئەوانەی خوازیاری پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکان و گفتوگۆی جیددی لە بارەوە دەکەن، پێیان وایە بە لای کەمەوە تا چەند ساڵێکی تر هەندێك لە هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا دەمێننەوە، بۆ مەشقپێکردنی هێزەکانی سوپا و پۆلیس. واتە ئەگەر هەموو لایەك ڕازی بن لە سەر ئەو کشاندنەوەیە ئەوا لە ڕووی لۆجیستییەوە زەحمەتە بتوانیت، تێکڕای ئەو هێزانە و کەل و پەلەکانیان لە ماوەی ١٢ مانگدا بکشێنێتەوە.

### ئەمەریکا خۆی ڕووبەڕووی تەنگژەو دژواری دەکاتەوە

***گەر ئەم ڕێککەوتنە ئیمزا بکرێت پێویستە پەرلەمانی عیراق هەموو ساڵێك مۆڵەتی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا نوێ بکاتەوە، ئەگەر ئەمەریکا لە ئێرانیداو و پەرلەمانی عێراق لە ساڵی دادێ بەزۆرینەی دەنگ نەیویست هێزەکان لە عێراقدا بمێننەوە ئایا هەڵوێستی ئەمەریکا چی دەبێت ؟**

- ئەوە پرسیارێکی زۆر باشە، ئەوە تەنگژە و دژوارییەکە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕووبەڕوووی بۆتەوە، لە لایەك ئەمەریکا هەوڵی پەرەپێدانی دیموکراسی و بەرەوپێشبردن و بەهێزکردنی پرۆسە سیاسییەکە دەدات، بەڵام ئەگەر دامەزراوە دیموکراسییەکان لە عێراقدا بەهێز بوون و بڕیاریاندا سیاسەتێکی جیاوازتر لە ئەمەریکا بگرنەبەر ئەو کاتە کێشە و گیروگرفت ڕوودەدات. ئەگەر عێراق داوای کشانەوە هێزەکانی ئەمەریکا بکات، ئەمەریکا لەڕووی واقعی سیاسییەوە ئەم داوایە جێبەجێ دەکات، لەبەر ئەوەی ئەگەر سەرۆکی عێراق بە ئاشکرا و لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان و بە شێوەیەکی ڕەسمی داوای لە ئەمەریکا کرد هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە، ئەوا ئەمەریکا هیچ ڕێگە چارەیەکی دیکەی لە بەردەمدا نییە، لەبەرئەوەی ئەو کاتە ڕای گشتی ئەمەریکا ڕای دەگەیەنێت کە عێراقییەکان خوازیارن عێراق جێبهێڵین و دەبێت ئەو کارە بکەین. تێڕوانینی من ئەوەیە ئەمەریکا هێرش ناکاتە سەر ئێران بە تایبەتی لە شەش مانگی داهاتوودا، من پێم وایە سوپای ئەمەریکاش بەرهەڵستی ئەم بیرۆکەیە دەکات (هێرشکردنە سەر ئێران) و پێم وانییە سەرۆکی عێراق داوای کشاندنەوەی تێکڕای هێزەکانی ئەمەریکا بکات. کێشەکە ئەوەیە تاوەکو حکومەتی عێراق بەهێزتر بێت ڕەنگە پتر لەگەڵ ئەمەریکا ناهاوڕا بێت، ئەوەش پێویستی بە گفتوگۆ هەیە.

### ئەمەریکا ناتوانێت ئەو ئاسایشە بۆ کوردستان دابین بکات کە پێشتر بۆ ژاپۆنی دابینکردبوو

*** هەرێمی کوردستان ئارام و ئاسایشە، پاراستنی ئەم سەقامگیرییەش پێویستی بە جێگیرکردنی هێز هەیە، ئایا وڵاتە یەکگرتووەکانی**

**ئەمەریکا زەمانەتی پاراستنی هەرێمی کوردستان دەکات یان پشتی تێدەکات و دەستیان لێ هەڵدەگرێت؟**

- ئەوە پرسیارێکی زۆر باشە، بەڵام را و بۆچوونی من ئەوەیە کە کە ئەمەریکا هەوڵی بەدەست هێنانی چەند زەمانەتێك دەدات بۆ پاراستنی ئایندەی کوردەکان، هەروەها هەوڵی بەدەست هێنانی چەند بەڵێنێك لە حکومەتی عێراقی دەدات بۆ پاراستنی ئاسایشی کوردەکان. بەڵام لە سیاسەتی رۆژگاری هاوچەرخدا ئەوە کارێکی زەحمەتە لەبەر ئەوەی عێراق دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری زۆر زەحمەتە بتوانێت فشار بخاتە ناوچەیەك یان هەرێمێکی چوارچێوەی ئەو وڵاتە کەوا بیپارێزێت، واتە ئەمەریکا دەتوانێت لە رێی فشارخستنە سەر حکومەتی عێراق و لە رێی چەسپاندنی زەمانەتەکانی دەستەبەرکردنی ئاسایش کوردستان لە دەستووردا ئەو کارە بکات، بەڵام ناتوانێت هێز بنێرێت بۆ هەرێمی کوردستان، یاخود ئەو ئاسایشە دابین بکات کە بۆ یابانی دابین دەکات.

## زەحمەتە ئەمەریکا بتوانێت ئایندەی عێراق کۆنترۆڵ بکات

***بەرێزت ئاماژەت بە ژاپۆن کرد، ئاشکرایە لە دوای جەنگی دووەم جیهانیدا ئەمەریکا دەستی لە یابان و ئەڵمانیا هەڵنەگرت، هەروەها ئەو دەستوورەی بۆ یابان و ئەڵمانیا نووسرایەوە هیچ مەترسییەکی لێنەدەکەوتەوە، بەڵام بارودۆخی عێراق جیاوازە، لەبەرئەوەی لە عێراقدا ناسنامەی نیشتمانی بوونی نییە، دەستووری عێراق بە شێوەی جیاواز تەفسیر دەکرێت، ئەوەش دەیکاتە سەرچاوەی پشێوی و توندوتیژی، چۆن بەرپرسێکی باڵای ئەمەریکا رای دەگەیەنێت کە ئەمەریکا رێککەوتنێکی هاوشێوەی یابان و ئەڵمانیا لەگەڵ عێراقدا دەکات؟**

- من هاوڕام لەگەڵتاندا، بارودۆخی یابان و ئەڵمانیا لە بارودۆخی عێراق جیاوازە، ئەڵمانیا لە ناو ئەورووپادا بوو، یابان تاڕادەیەك دوورگەیەك بوو کە دواتر هەردوو وڵاتەکە بە تەواوەتی سەقامگیر بوون، بەڵام کێشەکە ئەوەیە هێشتا ئایندەی عێراق روون نییە، هێشتا بارودۆخەکە تەمومژاوی نارۆشنە، هەروەها رکابەری و ناکۆکییەکی زۆر هەیە لە نێو وڵاتانی ناوچەکەدا، ناکۆکی ئێران بێت لەگەڵ سعودیە، یان تورکیا لەگەڵ کوردەکاندا، لەبەر ئەوە لە لایەکەوە من هاوڕام لەگەڵ ئێوە کە زەحمەتە بتوانین بارودۆخەکە بە بارودۆخی ئەڵمانیا و یابان بەراورد بکەین، لە لایەکی ترەوە زەحمەتە ئایندەی وڵاتەکە کۆنترۆڵ بکەین، بۆ نموونە ئەگەر ئەمەریکا هێرشی کردە سەر ئێران. لەبەر ئەوە نە عێراقییەکان دەتوانن زەمانەتی ئەوە بکەن لە ئایندەدا چی روودەدا و نە ئەمەریکاش دەتوانێت زەمانەتی ئەوە بکات لە ئایندەدا چی دەکات، هەر بۆیە هەردوولا هەوڵدەدەن ئەو رێککەوتنە بگاتە دەرئەنجامێك بۆ ئەوەی لە ئایندەدا پەرە بە پەیوەندی سیاسی نێوانیان بدەن و هەردوولا لە رووی سیاسییەوە پابەندبن.

## دەبێت ئەمەریکا بەشێوەیەک عێراق بەجێبێڵێت کە دواتر ئاژاوەو توندوتیژی سەر هەڵنەداتەوە

***ئەمەریکا لە عێراقدا سەرکەوتوو نەبوو، ئایا بەڕای تۆ هەوڵدەدات چارەسەرێکی مامناوەندی بدۆزێتەوەو باردۆخەکە راست بکاتەوە ؟**

- من پێم وایە دوو بۆچوونی توند هەیە دەربارەی سیاسەتی ئەمەریکا کە بە تێڕوانینی من هەردووکیان هەڵەن، یەکێکیان پێی وایە دەبێت دەست بە جێ دەست بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بکرێت، یان لە ماوەی دوو مانگ یان ساڵێکدا ئەو هێزانە بکشێنەوە، ئەوەش روونادات، بۆچوونەکەی تر پێی وایە دەبێت ئەمەریکا تا سەد ساڵی دیکەش لە عێراقدا بمێنێتەوە، دیسانەوە ئەوەش روونادات. واقیعەکە ئەوەیە رای گشتی ئەمەریکا و تەنانەت مەککین و ئۆباماش پێیان وایە دەبێت هێزەکان بە زووترین کات بکشێنەوە، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە ئەو زووترین کاتە چەندە، بۆ نموونە ئەگەر ئەمەریکا دەست بە جێ لە عێراق بکشێتەوە، ئەوا رەنگە هێزەکانی سوپا و پۆلیسی عێراق وەك پێویست مەشقیان پێنەکرابێت و وەك پێویست بەهێزنەبن بۆ ئەوەی جێی هێزەکانی ئەمەریکا بگرنەوە، کە ئەم هێزانە (هێزەکانی ئەمەریکا) شەڕی میلیشیا و جەنگاوەرە دەرەکییەکانیان کردووە. هەروەها رەنگە پشێوی سیاسی لێبکەوێتەوە لە نێوان لایەنە جیاوازەکاندا بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵات. کەواتە هەموو لایەك خوازیاری ئەوەن ئەمەریکا عێراق جێبهێڵێت، بەڵام دەبێت بە شێوەیەك جێی بهێڵێت ئەو مەترسیانە سەرهەڵنەدەن.

***ئەی ئەگەر پێکهاتەکانی عێراق نەیان توانی پێکەوە بسازێن و شەڕ و توندوتیژی هەڵگیرسایەوە، ئایا لەو کاتەدا ئەمەریکا پابەند دەبێت بە پاراستنی یەکپارچەیی عێراقەوە، یان ئەو مەسەلەیە بۆ عێراقییەکان جێدەهێڵێت بۆ ئەوەی بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن؟**

- دەبێت پێناسە کشانەوەی هێزەکان بکەین، هەندێك پێیان وایە کشانەوەکە بریتیە لە کەمکردنەوەی ژمارەی هێزەکان لە ١٤٠,٠٠٠ وە بۆ دەیان بیست هەزار سەرباز، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو هێزانە کشانەوە ئەوا زەحمەتە دووبارە بگەڕێنەوە، لەبەرئەوەی هیچ بەرژەوەندییەکی سیاسی لەو گەڕانەوەیەدا نابێت. بۆ نموونە ئەگەر شەڕێکی ناوخۆی رووبدات، ئەوا زەحمەتە ئەمەریکا بتوانێت بگەڕێتەوە و دەستێوەردان بکات. ئەوە واقیعێکی سیاسی و سایکۆلۆژیە.

## ئەمەریکا دەتوانێت بە ئاسانی هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە بەڵام گەڕانەوەی ئەو هێزانە کارێکی زەحمەت دەبێت

***عێراق چەندین کێشەی چارەسەرنەکراو و هەڵپەسێردراوی هەیە، چۆن ئەمەریکا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ چارەسەرکردنیان و رێگە لە تەقینەوەی بارودۆخەکە بگرێت؟**

ئەمەریکا هەموو هەوڵێك دەدات بۆ رێگرتن لە ناکۆکی و گەیشتن بە رێککەوتنێکی سیاسی. ئەو کاتە گروپە جیاوازەکان رێککەوتنێکی سیاسی درێژخایەنیان دەبێت. بەڵام ئەمەریکا ناتوانێت ئەوەیان بەسەردا بسەپێنێت و هەر کاتێك عێراقی بەجێهێشت گەڕانەوەی زەحمەتە. ئەمەریکا خوازیارە ئەو ناکۆکییانە بە شێوەیەکی رەوا چارەسەر بکرێن.

***دوا وتەت بۆ گۆڤارەکەمان چیە؟**

من ئەوەندە دەڵێم کە هاووڵاتیانی ئەمەریکا هاوسۆزن لەگەڵ خەڵکی عێراق و هەڵوێستیان لە ئاستی شەڕ و کشاندنەوەی هێزەکان هەرچییەك بێت، ئومێدەوارن کە ئەو پرۆژەیە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و عێراق لە ئایندەدا حکومەتێکی سەقامگیر و درێژخایەن پێك بهێنێت.

●●●
**کشاندنەوەی ١٤٠,٠٠٠ سەرباز لە ماوەی ساڵێکدا لە ڕووی عەمەلییەوە کارێکی کردنی نییە**
●●●

●●●
**ئەمەریکا هێرش ناکاتە سەر ئێران بە تایبەتی لە شەش مانگی داهاتوودا**
●●●

●●●
**ئەمەریکا هەوڵی بەدەست هێنانی چەند زەمانەتێک دەدات بۆ پاراستنی ئایندەی کوردەکان**
●●●

●●●
**هاووڵاتیانی ئەمەریکا ئومێدەوارن عێراق لە ئایندەدا حکومەتێکی سەقامگیر و درێژخایەن پێک بهێنێت**
●●●